# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# ململانێی نەتەوایەتی لە ڕۆمانی کوردیدا
## (ماوەی پێش ڕاپەڕین)

**پ. ی. د.عەبدوڵا ڕەحمان عەولا**

بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی پەروەردە/
زانکۆی سەڵاحەدین - مەخموور
abdulla.awla@su.edu.krd

**پوختە:**
ململانێی نەتەوایەتی ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی نەتەوە و پاراستنی قەوارەکەی و تێکۆشانی لە پێناو مانەوەی و سەربەخۆبوونیدا، لەمەشدا جیا لە ڕێگەی جەنگ و بەرپاکردنی شۆڕشەکان، ئەدەبیش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و بەشێک لە ئەرکە نیشتمانییەکان جێبەجێ دەکات، بەتایبەتییش نووسەران وەکوو تاکێکی ناو کۆمەڵگە ئینتما نەتەوەییەکانیان دەرگایان بۆ واڵا دەکات تا لە ڕێگەی ئەدەبەوە ململانێیە نەتەوەییەکان بەڕێوە ببەن. لە پێش ڕاپەڕیندا بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە گەلی کورد تێیدا بووە، ئەدەب و لە نێویشاندا ڕۆمان ڕێگەیەک بووە بۆ ئەوەی ململانێی نەتەوەیی تێیدا بەرجەستە بکرێت و ڕۆماننووسانیش لەتەک خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەکەیاندا بوون بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەی نەتەوەکەیان بکەن. بە تایبەتییش ئەو ڕۆماننووسانەی کە لە شاخ بوون، ئازادانەتر توانیویانە بیروڕایەکانیان دەرببڕن و دەقی ڕۆمانەکانیان لە سەر بنچینەی ململانێی نەتەوەیی دابڕێژن. ئەو ململانێ نەتەوەییە لە ڕۆماندا باشتر و گونجاوتر گوزارشتی لێ کراوە، چونکە دەقی ڕۆمان جیا لەوەی پەخشانئامێزە، لە هەمان کاتدا پانتاییەکی فراوانی هەیە کە لە ڕێگەی دروستکردنی کارەکتەری جۆراوجۆر و ڕووداوەوە جێگە و پێگەی ململانێی نەتەوەیی دەکرێتەوە. لەم ڕووەوە ڕۆمانەکانی پێش ڕاپەڕین بە بنچینەیەک بۆ گوزارشتکردن لە ململانێی نەتەوەیی دادەنرێن.

کلیلەوشەکان: ململانێ، نەتەوە و نەتەوایەتی، ململانێی نەتەوایەتی، ڕۆمان، ڕۆمانی کوردی

**پێشەکی**

ململانێـی نەتەوایەتـی ئـەو ململانێیـە دەگرێتـەوە کـە لـە نێـوان چەنـد نەتەوەیەکـی جیـاوازدا سـەر هەڵـدەدات و جەخـت لـە سـەر بوونـی نەتـەوە و پاراسـتنی قەوارەکـەی و تێکۆشـانی لـە پێنـاو مانـەوەی و سـەربەخۆبوونیدا دەکاتـەوە. ئـەو ململانێیـە مێژوویەکـی دوورودرێـژی هەیـە کـە تانوپـۆی ژیانـی مـرۆڤ پێـک دەهێنێـت، بۆیـە چەمکـی ململانـێ چەمکێکـی ئاڵـۆز و فرەڕەهەنـدە و بەشـێک لـە تانوپـۆی پەیوەندییەکانـی بـە ئـەوی دیکـەوە پێـک دەهێنێـت، چونکـە ململانـێ لـە نێـوان مرۆڤـەکان دێتـە کایـەوە، چ بـە شـێوەی تـاک بێـت، چ بـە شـێوەی گـرووپ بێـت، کـە لـە دواجاریشـدا ململانێـی چوارچێوەیەکـی گشـتی بەخۆیـەوە دەبینێـت، بـە تایبەتییـش ئەگـەر بوونـی نەتـەوە لـە مەترسـیدا بێـت. لێـرەوە ململانێیەکـە ئاڕاسـتەیەکی نەتەوەیـی بەخۆیـەوە دەبینێـت لـە پێنـاو مانـەوە و بەرگریکـردن لـە پێگەکـەی. ئـەدەب و لـە نێویشـاندا ڕۆمـان، ڕێگەیـەک بـووە بـۆ ئـەوەی ململانێیـە نەتەوەییـە تێیـدا بەرجەسـتە بکرێـت و ڕۆماننووسـانیش لەتـەک خەبـات و تێکۆشـانی نەتەوەیەکەیانـدا بـوون بـۆ ئـەوەی بەرگـری لـە مانـەوەی نەتەوەکەیـان بکـەن. ئـەو ململانێیـە نەتەوەییـە لـە ڕۆمانـدا باشـتر و گونجاوتـر گوزارشـتی لـێ کـراوە، چونکـە دەقـی ڕۆمـان جیـا لـەوەی پەخشـانئامێزە، لـە هەمـان کاتـدا پانتاییەکـی فراوانـی هەیـە کـە لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی کارەکتـەری جۆراجـۆر و ڕووداوەوە جێگـە و پێگـەی ململانێـی نەتەوەیـی دەکرێتـەوە. لـەم ڕووەوە ڕۆمانەکانـی پێـش ڕاپەڕیـن بـە بنچینەیـەک بـۆ گوزارشـتکردن لـە ململانێـی نەتەوەیـی دادەنرێـن.

**سنووری توێژینەوەکەمان**

لـەم توێژینەوەیـەدا کار لەسـەر ڕۆمانەکانـی باشـووری کوردسـتان کـراوە و بەتایبەتییـش ڕۆمانەکانـی ئـەو ماوەیـەی کـە پێـش ڕاپەڕینـی ١٩٩١ نـووسراون. لـەم ڕووەشـەوە دەقـی ڕۆمانـی کـوردی بـە نموونـە هێنراوەتـەوە کـە ململانێیـە نەتەوایەتییەکانـی کردووەتـە گرێچنـی ڕووداوەکانیـان.

**ڕێبازی توێژینەوە**

میتـۆدی سـەرەکیی توێژینەوەکەمـان؛ میتـۆدی ڕەخنـەی کۆمەڵایەتییـە کـە لـە چوارچێـوەی کۆمەڵناسـیی ڕۆماندایـە. هەروەهـا بـۆ خسـتنەڕووی لایەنـی تیۆریـی لێکۆڵینەوەکـە سـوودمان لـە میتـۆدی وەسـفی وەرگرتـووە و لـە پێنـاو شـیکردنەوەی و کارکـردن لـە سـەر دەقـی ڕۆمانەکانیشـدا بـۆ میتـۆدی شـیکاری گەڕاینـەوە، بـۆ ئـەوەی لایەنـی تیۆرییەکـە لـە کۆتاییـدا لـە نـاو دەقەکانـدا پراکتیـزە بکەیـن.

**هۆکاری توێژینەوەکە**

هـۆکاری سـەرەکیی توێژینەوەکـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە تاکـوو ئێسـتا لـە ڕوانگـەی ئەدەبییـەوە لـە بوارێکـی گرینگـی وەکـوو ململانێـی نەتەوایەتـی نەکۆڵراوەتـەوە و هەروەهـا پەیوەندیـی نێـوان ئـەدەب و کۆمەڵگـە بـە شـێوە گشـتییەکەی کەمتریـن توێژینـەوەی لـە ئەدەبـی کـوردی لـە سـەر کـراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە، لـە بەشـی یەکەمـدا چەمـک و زاراوە و ململانـێ و ململانێـی نەتەوایەتـی و پەیوەندییـان بـە ئـەدەب و ژانـری ڕۆمانـەوە شـی کراوەتـەوە و تیشـکی خراوەتـە سـەر. لـە بەشـی دووەمیشـدا بـاس لـە ململانێـی نەتەوایەتـی و ڕەنگدانـەوەی لـە دەقـی ڕۆمانەکانـدا کـراوە.

**بەشی یەکەم**

**چەمک و زاراوەی ململانێی نەتەوایەتی**

ململانێـی نەتەوایەتـی ئـەو ململانێیـە دەگرێتـەوە کـە لـە نێـوان چەنـد نەتەوەیەکـی جیـاوازدا سـەر هەڵـدەدات. ئـەو نەتەوانـە لـە ڕووی جوگرافیـاوە دەکرێـت لـە یەکـتر نزیـک بـن و ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لـە سـەر یەکـدی دابنێـن، بـەو واتایـەی نەتـەوەکان دەکـرێ دراوسـێ بـن، یـان لـە چوارچێـوەی یـەک دەوڵەتـدا بـن، کـە لێـرەدا دەوڵـەت وەکـوو یەکەیەکـی ئیداریـی ناوەنـدی کارەکان بەڕێـوە دەبـات و نەتەوەکانیـش هـەر یەکـە و پارێـزگاری لـە مـۆرک و کولتـووری تایبەتـی خۆیـان دەکـەن، هەروەهـا دەشـکرێ نەتـەوەکان لـە ڕووی جوگرافیـاوە لـە یەکـتر دوور بـن، بەمـەش لـە ڕێگـەی پرۆسـەی کۆلۆنیالیزەکـردن و دەستبەسـەرداگرتن ئاگـری ئـەو

ململانێیە خۆش دەکرێت. لێرەشدا وا ڕێک دەکەوێت کە نەتەوەیەک لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی پرۆسەی داگیرکردنی چەند نەتەوەیەکی جودا ببێتەوە، وەکوو نەتەوەی کورد لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی پرۆسەی داگیرکاریی هەرسێ نەتەوەی تورک و فارس و عەرەب بووەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ململانێی نەتەوایەتی هەمیشە لە نێوان دوو لایەنە و لایەنێک دەستدرێژیکەرە و لایەنێکی دیکەش بەرگریکارە و لە پێناو مانەوەیدا دەجەنگێت. کەواتە ململانێی نەتەوایەتی وەکوو چەمکێک دوو ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکدیی هەیە، ئاڕاستەیەکیان داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنە بە مەبەستی فراوانکردنی قەوارەی نەتەوەکە و خاکەکەی، لەمەشدا هەموو ڕێگەیەک بە حەڵاڵ لەقەڵەم دەدرێت، چونکە نەتەوە لە سەرووی هەموو بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگەوەیە و هەر ئاڕاستەیەک بگیرێتە بەر بیانووی گونجاوی خۆی بۆ دەبینرێتەوە کە نەتەوە خۆی دروستی دەکات، بەو پێیەی کە هەوڵی باڵادەستبوون بەسەر نەتەوە ڕکابەرەکەیان پێویستی بەو ڕێگایانە هەیە، جا ئەو ڕێگایانە شێوەی توندوتیژ یان ناتوندوتیژ هەڵبگرن. لە بەرانبەریشدا ئاڕاستەی خۆبەدەستەوەنەدان و بەرگریکردن لە نەتەوە لە دژی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی و خەبات و تێکۆشان بۆ پارێزگاریکردن لە قەوارەی نەتەوە، دیارە لێرەشدا گرتنەبەری هەر ڕێگایەک بۆ پارێزگاریکردن لە هەندێک کات و ساتدا ڕەوایەتیی پێ دەدرێت، چونکە مانەوە و ژیانی بەردەوامی نەتەوەکان لە سەرووی هەموو شتەکانەوە دێت، بۆیە پەنابردن بۆ هەموو جۆرەکان و ئامرازەکانی بەرگریکردن بە پێی بارودۆخەکە ڕەوایەتیی پێ دەدرێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ململانێی نەتەوایەتی بە پێی جۆر و هەڵکەوتەی نەتەوەکان جیاواز دەکەوێتەوە و ئامراز و کەرەستەکانیشی بە پێی سەردەم و بارودۆخ جودا دەبێت.

دیارە ئەو ململانێیە نەتەوەییە هەر تەنیا شەڕی سەربازی و جەنگ ناگرێتەوە، بەڵکوو لە ڕووی کولتووری و مەعریفییەوە قووڵاییەک وەردەگرێت و بەشێک لە هزر و بیرکردنەوەی نەتەوە پێک دەهێنێت. یەکێک لەو ڕووە کولتووری و مەعریفییانەش ئەدەبە، کە یەکێکە لەو گۆڕەپانانەی ململانێی نەتەوەیی کە کاریگەرییەکی گەورەیان لە سەر بیرکردنەوە و مەعریفەی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە. کەواتە ئەو ململانێیە لە ناو ئەدەبیاتیشدا ڕەنگ دەداتەوە و نووسەر و شاعیران لە ڕێگەی زمان و ئەدەبەوە بەرگری لە مانەوەی نەتەوەکەیان دەکەن. یەکێک لەو ژانرانەش کە بوارێکی فراوان دەخاتە بەردەم نووسەر بۆ ئەوەی دەستکراوە بێت لە باسکردنی ڕووەکانی ئەو ململانێیە نەتەوەییە؛ ڕۆمانە. بەو پێیەی ڕۆمان مەودایەکی فراوانی هەیە و توانای گوزارشتکردنی لە وردەکارییەکان زیاترە، ئەمەش وای کردووە ڕۆمان ببێتە چەقی باسکردنی ئەو ململانێیە نەتەوەییە. لەم ڕووەوە ململانێی نەتەوایەتی پەیوەست دەبێت بە ئەدەب و ڕۆمانەوە لە چوارچێوەی پەیوەندیی ئەدەب و کۆمەڵگەوە. لێرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەست و ئامانجەکان، جەخت لە سەر ناسینی هەردوو چەمکی ململانێ و نەتەوایەتی دەکەینەوە و دواتریش تیشک دەخەینە سەر پەیوەندیی ململانێی نەتەوایەتی بە ڕۆمانەوە.

١-١. ململانێ

ململانێ یەکێک لەو چەمکە فرەڕەهەندانەی کە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، بگرە بوونی مرۆڤ خۆی ململانێیەکە و لەگەڵ ژیان ڕووبەڕوو ئەنجامی دەدات. بۆیە ڕەگوڕیشەی ململانێ بۆ ئەو ساتە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ لە سەر زەوی ژیانی دەست پێ کردووە. دەتوانین بڵێین هەموو ئەو کولتوور و شارستانیەی کە تا ئێستا مرۆڤ بەدەستی هێناوە، ئەنجامی ئەو ململانێیانە بووە کە مرۆڤ لە ناویدا دەژیەت. بۆیە ململانێ بە فاکتەرێکی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەقەڵەم دەدرێت.

لە ڕووی زاراوەوە "ململانێ" بە واتای بەربەرەکانێ و دژایەتی لە نێوان دوو کەس یان زیاتر دێت، گەر وێنەکەش گەورەتر بکەینەوە ململانێ لە نێوان دوو نەتەوە و دوو کۆمەڵگەی جیاواز دێت، کە هەندێک جار شێوازی ئاشتییانە لە چوارچێوەی دیالۆگێکی زانستی بەخۆیەوە دەگرێت و هەندێک جاریش شێوەی پێشبڕکێ و تێپەڕاندن وەردەگرێت و جاری واش هەیە شێوازێکی ڕەق و توندوتیژی

کـە بریتییـە لـە جەنـگ؛ بەخۆیـەوە دەگرێـت. ئـەم چەمکـە لـە فەرهەنگـی کوردیـدا بـە شـێوەی جیـا جیـا شـیکردنەوەی بـۆ کـراوە، بـۆ نموونـە لـە "فەرهەنگـی خـاڵ"دا "ململانـێ" بـە واتـای "ململانـە دێـت، هەروەهـا ململانـەش بـە مانـای ملەملەکـردن دێـت" (خـاڵ، ٢٠٠٥، ل٤٥٠). هەروەهـا ململانـێ لــە "فەرهەنگــی هەنبانەبۆرینــە"دا بــە واتــای "ڕکەبــەری، ململانــە، زۆرانــێ" (موکریانــی، ١٣٨٨، ل٨١٣) دێــت. واتــە بەربەرەکانێ لـە نێـوان دوو کـەس و نەتـەوە و کۆمەڵگـە یـان زیاتـر. لـە زمانـی عەرەبییشـدا بەرامبـەر چەمکـی ململانـێ وشــەی "نــزاع" هەیــە، هەروەهــا وشــەی "صراع" بــە مانــای ململانێـی تونـد دێـت. لـە قورئانـی پیـرۆزدا "صراع" بـە واتـای بەزەویـدادان و کەوتـن بـەکار هاتـووە: "فَـتَرَى الْقَـوْمَ فِيهَـا صَرْعَـى.." (قورئانــی پیــرۆز، الحاقــە، ٧). هەروەهــا وشــەی "صرع" واتــە "بەزەویــدادان، وشــەی 'صراع'یــش بــەو کەســە دەوترێـت کـە بەرامبەرەکـەی بـە زەویـدا دەدات" (الفراهیـدی، ١٤٠٩ه، ٢٩٩). لـە فەرهەنگـی "المحیـط"دا بـە هەمـان شـێوە وشـەی "صراع" واتـە "بەزەویـدادان و ململانـێ، یـان وەک لقـی دارێــک کــە وشــک دەبێــت و بــەرەو زەوی دەچەمێتــەوە" (محمـد، ٢٠٠٩، ل٧٣٥-٧٣٦). لـە فەرهەنگـی "کتـاب العیـن"دا وشـەی "التنـازع" بـە واتـای "پێکدادانـی نێـوان دوو لایەنـی ناکـۆک دێـت" (الفراهیـدي، ١٤٠٩ه، ل٣٥٩).

لـە زمانـی فارسـیدا بەرامبـەر وشـەی ململانێ؛ "هـم چشـمی، رودررو ایسـتادن، کشـتی" هاتـووە (موکریانـی، ١٣٨٨، ل٨١٣). هەروەهـا لـە "فەرهانـگا گولـی"، "کشـتی" واتـە "خۆلێکـدان، جــۆرە وەرزشــێکە بــۆ ئــەوەی بزانــن کامیــان بەهێزتــرە" (گولـی، ٢٠٠٢، ل٣١٠). لـە زمانـی ئینگلیزیـدا بەرامبـەر وشـەی ململانـێ؛ "conflict" هاتـووە.

چەمکـی ململانـێ وەکـوو زاراوەیـەک واتایەکـی فرەڕەهەنـد و قـووڵ دەبەخشـێت، چونکـە ململانـێ ڕەگەزێکـی گرینگـی بوونـی مـرۆڤ لـە سـەر زەوی دەسـەلمێنێت، بـەو واتایـەی ڕەگوڕیشـەی ململانـێ بـۆ قووڵایـی مێـژوو دەگەڕێتـەوە. لـەو کاتـەوەی کـە مـرۆڤ هەیـە، ژیـان دروسـت بـووە، ململانێـش هەیــە، چونکــە ژیــان کورتکراوەیەکــی ڕوونــی خــودی ململانێیــە. دیـارە بـۆ ئـەوەی ململانـێ هەبێـت، دەبێـت بەرانبەرێـک هەبێـت، تاوەکـوو ململانێیەکـە دروسـت بێـت و درێـژە بـە خـۆی بـدات. ئـەو بەرانبـەرەش دەکرێـت بێگیـان بێــت وەکــوو سروشــت، خەیــاڵ... هتــد. کەواتــە ململانــێ لــە نێــوان دوو شــت یــان زیاتــردا دەبێــت و مەودایەکــی فراوانیــش لەخــۆ دەگرێــت کــە لــە مــرۆڤ و گیانلەبــەران و سروشـت و... هتـد؛ پێـک هاتـووە. ئـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە ململانێــی نێــوان مرۆڤەکانــە کــە لــە ڕووی مێژووییــەوە بــە ململانێـی نێـوان "هابیـل و قابیـل" دەسـت پـێ دەکات و بـە کوشـتنی هابیـل لـە لایـەن براکەیـەوە کۆتایـی هـات، لـەو کاتـەوە ململانێـی مـرۆڤ و کۆمەڵگـەکان بەردەوامـە تاوەکـوو ڕۆژگاری ئەمـڕۆ. دیـارە ئـەو ململانێیـەش بـە دوو شـێوە خـۆی دەنوێنێـت:

شـێوەی یەکـەم: ململانێـی نێـوان تاکەکانـە، واتـە ململانێـی نێـوان خـودی مرۆڤـەکان، چ لـە پێنـاو کاری بـاش و داهێنانـی زانسـتی و ژیـاری بێـت، چ لـە پێنـاو شـەڕ و یەکـتر بەزانـدن بێـت.

شـێوەی دووەم: ململانێـی نێـوان کۆمەڵگـە و نەتەوەکانـە، کـە ئەمەشـیان پەیوەسـتە بـە کـۆی کولتـوور و ڕۆشـنبیری و ژیـاری نەتەوەیــەک لەگــەڵ نەتەوەیەکــی دیکــەدا، کــە ئەمــەش مــەودای توێژینــەوەی ئێمــە پێــک دەهێنێــت.

دیــارە ئــەو دوو جــۆرەی ململانێــش بــە لایەنــی ئاشــتی و پێکەوەژیـان، یـان بـە لایەنـی شـەڕ و ڕەتکردنـەوە و سـڕینەوە دروســت دەبێــت و ئاکامەکەشــی کاریگەریــی لــە ســەر چارەنووســی مــرۆڤ خــۆی و نەتەوەکەشــی هەیــە. کەواتــە چەمکـی "ململانـێ" واتـە ململانـێ لـە نێـوان دوو کـەس یـان دوو نەتـەوە، بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە ئامانجێکـی دیاریکـراو، تـا بـە هۆیـەوە هەوڵـی سـەرکەوتن بەسـەر لایەنـی بەرامبـەر دەدات و بــە لەناوچوونــی لایەنێکیــش، بــە شــێوەیەکی کاتـی ململانـێ کۆتایـی دێـت، بـەڵام ڕەنگـە بـە شـێوازێکی دیکــە لــە کات و شــوێنێکی دیکــە دووبــارە ململانـێ ســەر هەڵبداتـەوە. سـەبارەت بـەو ململانێیانـەی کـە دەگاتـە ئاسـتی شــەڕ و ماڵوێرانــی، ئــەم جــۆرە ململانێیــە لایەنــی نەرێنــی دەگرێتـە خـۆی بـەوەی کـە پێویسـتە تـاک و کۆمەڵگـە لـە ململانــێ دوور بکەونــەوە و دەســەڵاتیش بەرنامــەی خــۆی هەبێـت لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان تاوەکـوو نەگاتـە پلـەی ململانــێ، کــە ئەمــەش گۆشــەنیگای بــاو و کــۆن لــە بــارەی

ململانـــێ پێـــک دەهێنێـــت، لـــە بەرانبەریشـــدا تێگەیشـــتنی نـــوێ و تـــازە بـــۆ ململانـــێ لەوەدایـــە کـــە بـــە شـــێوەیەکی ئەرێنـــی لێـــی دەڕوانێـــت و بـــە کارێکـــی سروشـــتی لەقەڵەمـــی دەدات و بوونـــی بـــە شـــێوەیەک لـــە شـــێوەکانی تەندروســـتیی کۆمەڵگـــە دەخوێنێتـــەوە. بـــە دەربڕینێکـــی دیکـــە: لـــە ڕوانگـــەی تێگەیشـــتنی نـــوێ و تـــازە، ململانـــێ فاکتەرێکـــە بـــۆ بەردەوامبوونـــی ژیانێکـــی باشـــتر و بەرەوپێشـــچوونی کۆمەڵگـــە و شارســـتانییەکان. هەروەهـــا ململانـــێ لـــە پلەیەکـــی دیاریکـــراودا کارێکـــی پێویســـتە کـــە نوێگـــەری و زیندوویێتـــی بـــە کۆمەڵگـــە دەبەخشـــێت.

هەڵبـــەت تیـــۆری ململانـــێ یەکێکـــە لـــەو تیۆرانـــەی کـــە زانایـــان قســـەی جۆربەجۆریـــان لـــە ســـەر کـــردووە، ئاماژەیـــان بـــە فاکتەرێـــک یـــان زیاتـــر کـــردووە بـــۆ دروســـتبوونی ململانـــێ، لەوانـــەش "دۆتـــچ" (Dotch) وای دەبینـــێ کـــە "ململانـــێ بوونـــی دەبێـــت کاتێـــک چالاکییـــە بەرهەڵســـتییەکان و دژبەیەکـــەکان بوونیـــان دەبێـــت، ئـــەو چالاکییانـــەی کـــە چالاکیـــی ئەوانـــی دیکـــە قەدەغـــە دەکات یـــان تێکـــی دەدات، یـــان کۆســـپ و تەگـــەرە دەخاتـــە بەردەمـــی و ڕێـــگا لـــە بەردەمـــی دادەخـــات، یـــان بـــە لایەنـــی کەمـــی لـــە بەهـــای کـــەم دەکاتـــەوە بـــە شـــێوەیەک چالاکیـــی ئـــەوی دی بێبایـــەخ و بێکاریگـــەر دەکات" (قـــارە، ٢٠١٨: ٦). هـــەر لـــەم ڕوانگەیـــەوە "فریفریـــدۆ و بارتیـــو (١٨٤٨-١٩٢٣) کـــە یەکێکـــە لـــە زانـــا هـــەر ناودارەکانی ململانێـــی کۆمەڵایەتـــی، پێـــی وایـــە کـــە ململانـــێ لـــە نێـــوان هـــەردوو چینـــی دەســـتەبژێر و عـــەوام دروســـت دەبێـــت، چونکـــە ئـــەو وای دەبینـــێ کـــە کۆمەڵگـــە لـــە نێـــوان دوو چینـــی دژبەیـــەک دابـــەش دەبێـــت، چینێکـــی دەســـتەبژێری دەســـەڵاتدار و چینێکـــی عەوامـــی بێدەســـەڵات، لێـــرەوەش ململانـــێ لـــە نێـــوان ئـــەو چینانـــە دروســـت دەبێـــت (قـــارە، ٢٠١٨: ٦). لێـــرەدا دەبینیـــن هەریەکـــە لـــە زانایـــان ڕای جیاوازیـــان لـــە ســـەر تیـــۆری ململانـــێ هەیـــە. هەروەهـــا "کارڵ مارکـــس" کـــە بـــە ڕابـــەری تیـــۆری ململانـــێ دادەنرێـــت، پێـــی وایـــە ململانـــێ "خەباتـــی نێـــوان چینـــی ژێردەســـتەی بەرهەمهێنـــەر و چینـــی دەستڕۆیشـــتووی خـــاوەن دەســـەڵاتی ئابووریـــی چەوســـێنەر بـــەو لاوە شـــتێکی تـــر نەبـــووە. لـــەم خەبـــات و تێکۆشـــان و ململانـــێ و گۆڕانەشـــدا، هـــۆکاری ئابـــووری فاکتـــەر بـــووە" (عەزیـــز، :٢٠١١ ٢٠٦). واتـــە لای مارکـــس ململانـــێ هـــەردەم لـــە نێـــوان دوو چیـــن و تاقـــم بـــووە، یەکێـــک خـــاوەن دەســـەڵات و ئـــەوی تـــر ژێردەســـتە، کەچـــی بـــە ڕای ئێمـــە مـــەرج نییـــە ململانـــێ تەنهـــا چینایەتـــی بێـــت، بەڵکـــوو زۆر جـــار ململانـــێ لـــە نێـــوان تـــاک و کۆمەڵگـــە و شارستانیەکانیشـــدا ڕوو دەدات، هـــەروەک پرۆفیســـۆر "دارنـــدۆرف" لـــەو باوەڕەدایـــە کـــە ململانـــێ و خەباتـــی چینایەتـــی لـــە "کۆمەڵگـــە بـــە هەمـــوو پێکهاتەکانیـــەوە، هـــەر لـــە چینـــی کرێـــکارەوە تاوەکـــوو چینـــی ســـەرمایەداران و ژیـــان و کـــۆی ڕێکخـــراوەکان و شارســـتانیەت و گـــۆڕان، نـــەزم و دیســـپلین و پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتیـــی دوای ئـــەو قۆناغـــەی مارکـــس تێیـــدا ژیـــاوە و لێـــی کۆڵیوەتـــەوە؛ گۆڕانـــی ڕیشـــەییان بەســـەردا هاتـــووە، ئـــەو گۆڕانـــەش پشتئەســـتوور بـــووە بـــە شۆڕشـــی زانســـت و تەکنەلۆژیـــا" (عەزیـــز، :٢٠١١ ٢١٨). کەواتـــە قۆناغەکانـــی دوای مارکـــس گۆڕانکارییەکـــی زۆر هەیـــە لـــە شـــێوازی ململانێیـــەکان. کەواتـــە جگـــە لـــە فاکتـــەری ئابـــووری، توخمەکانـــی زمـــان و ئاییـــن و دابونەریتیـــش دەکـــرێ تیایـــدا ململانـــێ ڕوو بـــدات کـــە بـــە لقـــە ســـەرەکییەکانی کولتـــوور دادەنرێـــت. ململانێـــش چەنـــد ئاســـتێکی هەیـــە، کـــە گرنگترینیـــان ئەمانـــەن:

١ـ پەیوەســـتە بـــە خـــودی چەمکـــی ململانێـــوە کـــە بارودۆخێکـــی خـــاوەن خەســـڵەت و ســـیما و تایبەمەنـــدی خۆیەتـــی، کـــە پێویســـتە دژایەتـــی و نەگونجـــان لـــە نێـــوان لایەنەکانیـــدا هەبێـــت و هۆشیارییشـــیان لـــە بـــارەی ئـــەو دژایەتـــی و نەگونجانـــە هەبێـــت، هەروەهـــا هەڵوێســـتێک بنوێنـــن کـــە لەگـــەڵ هەڵوێستی لایەنەکانی دیکـــە نایەتـــەوە و ناگونجێـــت.

٢ـ پەیوەســـتە بـــە لایەنەکانـــی ململانێیەکـــە، بـــەو واتایـــەی خـــودی لایەنـــەکان گرنگـــن بـــۆ ناســـینی ململانێیەکـــە، کـــە ئەویـــش بریتییـــە لـــە: ئـ ململانێیەکانـــی تـــاک: کـــە لایەنەکانـــی تـــاک و دیـــارن و ســـنووری ململانێیەکـــەش دیاریکـــراو و بەرتەســـکە. ب ـ ململانێـــی نێـــوان گرووپـــەکان: کـــە جـــۆری ئـــەو ململانێیـــە بـــە پێـــی جـــۆری گرووپـــەکان دەبێـــت، بێگومـــان ســـنووری فراوانـــتر و جۆراجۆرتـــرە.

٣ ـ ململانێـــی نێـــوان وڵاتـــەکان: ململانێـــی نێـــوان وڵاتـــەکان دەگرێتـــەوە کـــە زۆر جاریـــش بـــە ململانێـــی نێودەوڵەتـــی دەناسرێـــت، کـــە زۆر ئاڵـــۆز و فروانـــترە لەچـــاو ململانێیەکانـــی

دیکــە (چیــف، ٢٠١٦: ١٩٠).

٤ـ ئــەو ململانێیــەی کــە پەیوەســتە بــە خــودی مــرۆڤ خۆیــەوە، واتــە لــە ناخــی مــرۆڤ خۆیدایــە، کــە ئەویــش خــۆی لــە ئامانجــە ئەرێنــی و نەرێنییەکانــی تاکــدا دەبینێتــەوە، ســەرەڕای ئــەو ڕۆڵــە جیاوازانــەی کــە تــاک لــە ژیانــی ڕۆژانــەی خــۆی لــە نــاو کۆمەڵگــە ئەنجامــی دەدات (ربابعــة، ٢٠١٧: ٢). بۆیــە دەتوانیــن لــە ئــەو جــۆرە ململانێیــەی ســەرەوەدا ململانێــی ناوخۆیــی و ململانێــی دەرەوەیــی بــەدی بکەیــن کــە بەیەکــەوە کاریگەرییــان لــە ســەر مــرۆڤ و ڕەوشــە نەتەوەییەکــەی هەیــە.

١ـ ٢. نەتەوە و نەتەوایەتی

نەتــەوە بریتییــە لــە بوونــی کۆمەڵــە کەســێک کــە خاڵــی هاوبــەش لــە زمــان و کولتــوور و دابونەریــت و مێــژوو و شارســتانیەت کــۆی کردوونەتــەوە و لــە شــوێن و ژینگەیەکــی جوگرافیــی دیاریکراودا دەژیــن و لــە خاکێکــی دەستنیشــانکراودا نیشــتەجێن کــە بەشــێکی گرینــگ لــە ســەروەریی نەتەوەییــان پێــک دەهێنێــت. ئــەو تایبەتمەندییانــەی کــە هەیانــە، جیایــان دەکاتــەوە لــە نەتــەوە و کۆمەڵگەیەکــی دیکــە.

زاراوەی نەتــەوە لــە زمانــە ئەوروپییەکانــدا لــە وشــەی لاتینیــی "Nation" بــە مانــای "مــن لەدایــک بــووم" دێــت، کــە لــە ڕیشــەی "Nascor"ەوە وەرگیــراوە (ســەعید، 2009١٧:). ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە "نەتــەوە (Nation) لــە ڕووی زمانەوانییــەوە لــە وشــەی 'Nasic'ی لاتینــی بــە مانــای 'لەدایکبــوون' و 'Natio' بــە مانــای 'پەیوەندیــی دوولایەنــە لــە ڕووی لەدایکبــوون و زێــدەوە' وەرگیــراوە" (ئیروانــی، :٢٠٠٣ ٢١). هەروەهــا لــە بــارەی ڕەگوڕیشــەی زاراوەی نەتــەوەوە، "فردریــک هرتــز" ئامــاژەی بــەوە داوە کــە زاراوەی نەتــەوە (Nation) لــە زمانــە ئەوروپییەکانــدا لــە بنچینــەدا لــە وشــەی "Nation"ەوە هاتــووە کــە بــە مانــای خێڵێکــی دواکەوتــوو دێــت (ئــەوەی ئێســتا لــە هەنــدێ کاتــدا پێــی دەڵێــن "Natives"، وەرگیــراوە)، هەروەهــا وشــەی "Nation" وەک ئامــاژە بــە هەرێمێکــی دیاریکــراو بــە خێڵێکــی تایبــەت بــەکار هێــنراوە، دوای ســەدەکانی ناوەڕاســتیش بەکارهێنانــی ئــەم وشــەیە مانایەکــی تــەواو پێچەوانــەی وەرگــرت. بەتایبەتییــش لــە ئەڵمانیــا و فەڕەنســا کــە بــە چینــە بەرزەفەرمانــڕەواکان دەگوتــرا لــە بەرامبــەر وشــەی "Peupl" یــان "Volk" کــە بــە واتــای "خەڵکــی ئاســایی" یــان بــە زاراوەی تــازە "خەڵکــی شــەقام" (رجــل الشــارع) دێــت (رســول، 2009: ٤٥-٤٦).

لای ئینگلیــزەکان زاراوەی نەتــەوە بــەو چەمکــەی کــە بــۆ کۆمەڵێکــی ئەتنــی بــەکار دێــت، بــە "Nation" ئامــاژەی بــۆ دەکرێــت و دیــارە هــەر نەتەوەیەکیــش وشــەیەکی بــۆ ئــەم چەمکــە بــەکار هێنــاوە، لەوانــە وشــەی "نەتــەوە"ی کــوردی لــە جیاتیــی وشــەی (قــوم، الامــە)ی عەرەبــی و وشــەی "ناسیونالیســت"ی فەڕەنســی کــە بــە زمانــی ئینگلیــزی "نیشنالیســت"ە و بــە ئەڵمانــی "ناسیونالیســت" بــەکار دێ (نەبــەز، ؟: ٦) و لای تورکەکانیــش (ملــت، هلــك) و لای فارســەکانیش (میللــەت، قــوم) بــەکار دێــت (رســول، 2009: ٤٥).

دەتوانیــن بڵێیــن نەتــەوە ئــەو هەســت و نەســتەیە کــە لــە دڵ و دەروونــی تاکــی مــرۆڤ ســەر هەڵــدەدات و خــاک و ئــاو و هــەوا و کولتوورەکــەی لــە لای ڕەســەنایەتییەک وەردەگرێــت کــە بــە هۆیــەوە بتوانێــت لــە پێنــاوی بژیــەت و هەوڵــی پاراســتن و سەربەســتی و ســەرکەوتنی بــۆ بــدات، بــە هــۆی ئەمەشــەوە کۆپەیوەندییــەک لــە نێــوان تاکەکانــی کۆمەڵگــە دێتــە ئــاراوە کــە بەیەکــەوە ڕایەڵەیەکــی تۆکمــە و پتــەو بــۆ بیــری نەتەوەیــی دروســت دەبێــت و تــەواوی تاکەکانــی کۆمەڵگــە بەیەکــەوە دەبەســتێتەوە.

لــەم چوارچێوەیەشــدا نەتــەوە و بیــری نەتەوایەتــی بــە پێــی تایبەتمەندیــی کولتــووری و هەڵکەوتــەی جوگرافــی و ژینگەییــەوە فۆڕمــی جیــاواز لەخــۆ دەگرێــت، ئەمــەش وای کــردووە ناســاندنی نەتــەوە و نەتەوایەتــی فرەڕەهەنــد و جیــاواز بکەوێتــەوە و هــەر نووســەر و زانایــەک بــە پێــی کات و شــوێن و ســیمای کولتــووری و ژینگەیــی نەتەوەکــەی پێناســەی کــردووە، بۆیــە کۆمەڵێــک پێناســەی جۆراجــۆر هاتووەتــە کایــەوە، لەوانــەش "نەتــەوە کۆمەڵێــک لــە تاکەکانــە خاوەنــی زمــان و فەرهەنــگ و ڕەگــەز و پێشــینەی مێژوویــی هاوبەشــن" (وەلەدبەگــی، :٢٠٠٥ ٣٩٧) و دەتوانیــن بڵێــن نەتــەوە واتــە ئــەو مرۆڤانــەی کــە خاوەنــی یــەک زمــان و فەرهەنــگ و مێــژووی هاوبەشــن کــە لــە کۆمەڵگەیەکــدا کــۆ بوونەتــەوە.

لێرەشدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە "نەتەوە لە مێژووەوە دروست بووە یاخود ڕەگی داکوتاوە لە نێو زمان و کولتور و کۆمەڵەکان بە گشتی" (محەمەد، :٢٠٠٩ ٥١) بەو واتایەی کە دروستبوون و پەیدابوونی نەتەوە پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە و هەموو نەتەوەکیش خاوەن زمان و کولتووری تایبەت بە خۆیانن. لە ناساندنێکی دیکەدا هاتووە کە نەتەوەگەری کۆمەڵێک لە بیرەوەریی هاوبەشە، لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی دیکە دەگات، وێڕای هەندێ تایبەتمەندیی بابەتی وەکوو زمان و کولتوورەوە (عەبدوڵا، 2009: ١٩).

لەم ڕوانگەیەشەوە مێژوووناسی فەڕەنسی "ئێرنست ڕینات" کە یەکێک بووە لەو کەسانەی قسەی لە سەر نەتەوە و بزاڤی نەتەوەیی کردووە، لە وتارێکیدا بە ناوی "نەتەوە چییە؟"دا دەڵێت: "نەتەوە، پرەنسیپێکی ڕۆحی و مەعنەوییە" (ئیروانی، :٢٠٠٣ ٣٥)، چونکە هەبوون و مانەوەی تاکەکان و مرۆڤ پەیوەندیی بە نەتەوەوە هەیە و شتەکان لەوێوە ڕوخساری خۆیان دەناسنەوە، چونکە "نەتەوە ئەو شتەیە کە تاکەکەسەکانی لێوە دەناسرێت" (محەمەد، :٢٠٠٩ ٧٥) و ئەو ناساندنەش لە ڕێگای نەتەوەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت. کەواتە نەتەوە خاوەنی قەوارەیەکی دیاریکراو و جێگیر نییە، بەڵکوو لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە لەگۆڕاندایە. لەم بارەیەوە "ئەریک هوسباوم" پێی وایە کە "نەتەوە قەوارەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چەسپاوە و نەگۆڕ نییە، بەڵکوو بە دیاریکراوی سەر بە سەردەمێکی دیاریکراوە و لە ڕووی مێژوووییەوە بوونەوەرێکی تازەیە" ( عەلی، :٢٠٠٩ ٢٠) و خاوەن هێما و بەرهەمی ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیەتی و لە هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دێتە خوڵقاندن و سیما و خەسڵەتەکانی خۆی بە تاکەکانی دەبەخشێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین بیروڕای هاوبەش و نەژاد و ڕەگەز و زمانی هاوبەش دەبنە دروستکردنی بیری نەتەوەیی کە سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆ کە هەم توانای ئەوەی هەبێت پێگەی نەتەوەیی خۆی ڕابگەیەنێت و ئەوانی دیکەش ئەویان پێ نەتەوە بێت، ئەوکات دەبێتە خاوەن شوناسێکی سەربەخۆی جیا لە نەتەوەکانی دیکە. ئەمەش واتای بوونی هۆشیاریی نەتەوەیی دەگەیەنێت، کە تاکەکانی هەست بە بوونی قەوارەی نەتەوەکەی خۆیان بکەن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و ئینتیما بۆ خاک و زمان و مێژوو و کولتوور کۆیان بکاتەوە. لەو کاتەدا هەست بە بوونی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن و شانازیی پێوە دەکەن و هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە هەموو بەهاکانی نەتەوەیەکەیان بکەن، چونکە ناسیۆنالیزم بریتییە لە هۆشیاریی ئەندامانی نەتەوەیەک بەوەی کە خاوەن تایبەتمەندییەکی بابەتی و خودی و نەتەوەیین و ئەمەش هەستی بەرزڕاگرتنی کولتوور و زمان و مێژووی نەتەوە دروست دەکات، واتە ناسیۆنالیزم هۆشیاری و هەڵوێستێکی شکۆدارانەی تاکە بەرامبەر بە نەتەوەکەی.

١ـ ٣. ململانێی نەتەوایەتی و ڕۆمان

ئەو پەیوەندییەی کە ململانێی نەتەوایەتی لەگەڵ ڕۆمان کۆ دەکاتەوە، لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان ململانێی نەتەوایەتی و ئەدەبدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییەکی لەمێژینەی چڕوپڕ و فرەڕەهەندە و هەردووکیشیان کاریگەری و کارتێکردنیان لە سەر یەکدی هەیە، چونکە نە ئەدەب دەتوانێت لە ژیان و ژینگە و کۆمەڵگەکەی دابڕێت و نە کۆمەڵگەش بەبێ ئەدەب و بەرهەمی هزری و هونەری بوونێکی ڕاستەقینەی دەبێت. ئەدەبیش هەر چەندە ڕەنگدانەوەی حەز و ئارەزووەکانی تاک بێت و ئەزموونێکی بێگەردی خودی ژیانی نووسەرەکەی بێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت گۆشەگیر بێت و دوور لە ژیان بوەستێت و لە بەهاکانی سەردەمەکەی خۆی دابڕێت (العشماوی، ٢٠٠٩: ٣). بۆیە کۆمەڵگە بە هەموو بوارەکانیەوە لە ناو ئەدەب کاری خۆی وازی دەکات، یەکێک لەو بوارانەش پێگەی نەتەوە و نەتەوایەتییە، کە ئەمەش وای کردووە ئەدەبی نەتەوەیی سەنگایی و قەوارەی تایبەت بە خۆی هەبێت لە جیهاندا، هەموو نەتەوەیەک ئەدەبەکەی بە ناوی خۆیەوە دەناسرێتەوە، ڕەنگوڕووی هەر نەتەوەیەکیش لە ڕێگای ئەدەبەوە خۆی پیشان دەدات و بەشێک لە کولتوور و دابونەریت و ئەفسانە و داستانەکانیان نمایش دەکات،

لــە هەمــان کاتیشــدا ڕێگەیــەک بــۆ بەدیهێنانــی ئەدەبێکــی جیهانــی بریتییــە لــە بوونــی ئەدەبــی هــەر نەتەوەیــەک، بــەو واتایــەی کــە ئەدەبــی نەتەوەیــی بناغــەی پێکهێنانــی مرۆڤایەتــی و دواجاریــش ئەدەبــی جیهانــی پێــک دەهێنــن. مەســەلەی نەتەوایەتــی و پاراســتنی خــاک و زمــان و کولتــوور... تــاد، گەلێــک شــێوازی جیــای لــە ژیــان وەرگرتــووە، یەکێــک لــەو شــێوازانە ئەدەبــە کــە بــە هۆیــەوە مــاک و ســیماکانی هــەر نەتەوەیــەک لــە ڕێــگای ئەدەبــەوە نمایــش دەکرێــت و گەشــەی پــێ دەدرێــت. دیــارە ئەدەبیــش ئــەو پانتاییــە فراوانــەی هەیــە کــە توانــای گوزارشــتکردنی هەبێــت لــە گشــت لایــەن و ڕەهەندەکانــی ژیــان و کۆمەڵگــە. بۆیــە مەســەلەی نەتەوایەتــی خاڵــی جەوهــەری و بناغــەی ئــەدەب لــە جیهانــدا پێــک دەهێنێــت و هەمیشــە ئــەدەب لــە خزمــەت نەتــەوە و هــزری نەتەوەییــدا بــووە، بــە شــێوەیەک کــە نەبێتــە هــۆکاری ئــەوەی نەتــەوەی دیکــە لــە ڕێگــەی ئەدەبــەوە بچەوســێنرێتەوە، چونکــە لــە دواجــاردا ئــەدەب پەیامێکــی مرۆڤایەتییــە و لــە خزمــەت ژیــان و ژینگــەی مرۆڤــدا تێدەکۆشــێت. لــەم چوارچێوەیەشــدا ڕۆمــان وەکــوو ژانرێکــی زینــدووی ســەردەمیانە، بــە هــۆی ئــەو تەکنیکــە فرەڕەهەندانــە و ئــەو پانتاییــە فراوانــەی بــۆ بابەتەکانــی ژیــان، توانــای گوزارشــتکردنی لــە ململانێــی نەتەوایەتــی گونجاوتــرە و لەبارتــرە. لــە ڕاســتیدا ڕۆمــان پەیوەندییەکــی پتــەوی بــە ژیانــی واقیعیــی مرۆڤایەتــی و کۆمەڵگــەوە هەیــە و "ئەوەنــدەی کارێکــی خەیاڵــی و ئەندێشــەیی نووســەرە، زیاتــر پابەنــدی ژیــان و واقیعــە و دوورپەرێــز نییــە لــە کارەســات و ڕووداوە مرۆڤایەتییــەکان و وەک چاودێــر و ئاگادارێــک وایــە بەســەر هەڵســوکەوتی تــاک و کۆمەڵــی پاڵەوانیەکانــی و هەمیشــە بــە گیانێکــی  زینــدووی دوور لــە زۆرلێکــردن و گیرۆدەبوونــەوە پــێ بــە پێــی ڕۆژگار و شــوێن و ســاتەکان دەڕوا" (رســول، ٢٠٠٩: ٤٧) و جیهانێکــی تایبــەت بــە خــۆی دروســت دەکات کــە لەگــەڵ جیهانــی واقیعــدا هاوشــان بەڕێــوە دەچــن، بەمــەش ڕۆمــان ئــەو توانایــەی دەبێــت کــە بــاس لــە مەســەلەی نەتەوەیــی و ململانێیەکانــی بــکات. بۆیــە "ڕۆمــان جیــا لەوانــی دیکــە، هــەر بــەوە دەمێنێتــەوە کــە گوزارشــت لــە مەســەلە گەورەکانــی نەتەوایەتــی دەکات، چونکــە توانایەکــی چــڕ و قووڵاییەکــی فراوانــی هەیــە، بــە تایبەتییــش ئــەو توێژەرانــەی مێــژووی سیاســی و کۆمەڵایەتــی دەخوێنــن و خاوەنــی گۆشــەنیگایەکی پێکهاتەییــن، درک بــەو پەیوەندییــە تۆکمەیــە دەکــەن کــە لــە نێــوان ڕۆمانــدا وەکــوو دەلالەتێکــی ســەرچاوەیی و هزریــی نەتەوەیــی هەیــە" (عبدالغنــي، ١٩٩٤: ٨)، ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێت کــە ڕۆمــان بــە کەناڵێکــی گرینگــی هــزری نەتەوەیــی لەقەڵــەم دەدرێــت، کــە دەبێتــە هــۆکاری بەیەکەوەبەســتنەوەی هــزری نەتەوەیــی و مەســەلە گرینگەکانی نەتەوەیی، بۆیە دەکرێت ڕۆمان بە چالاکییەکی گرینگــی نەتەوەیــی دەستنیشــان بکرێــت. ئەمــەش گونجــاوی و لەباریــی ڕۆمــان وەکــوو ژانرێکــی ئەدەبــی لەچــاو ژانرەکانــی دیکــە بــۆ مەســەلە گرینگەکانــی ژیــان و لــە ناویشــیدا مەســەلە نەتەوایەتییــەکان دەردەخــات، بــە تایبەتییــش تەکنیــک و توخمــە پێکهاتەییەکانــی ڕۆمــان زەمینەســازییەکی گرینــگ دەڕەخسێنن بــۆ باســکردنی مەســەلە نەتەوایەتییــەکان. لــەم بارەیــەوە لــە ڕووی ڕووداوەوە باســکردنی شــۆڕش و ڕاپەڕینــەکان وەکــوو ڕووداوێکــی گرینگــی نــاو ڕۆمانــەکان وا دەکات کــە ڕۆماننــووس دەســتکراوە بێــت لــە باســکردنی ئینتیــمای نەتەوەیــی خــۆی و هەوڵیــش بــدات هۆشــیاریی نەتەوەیــی و هەســتی نەتەوایەتیــی جەمــاوەری خوێنەریــش بــەرز بکاتــەوە. ڕووداوی ڕۆمــان "وەکــوو یەکەمیــن دەروازە دەبێــت بــۆ گوزارشــتکردن لــە پەشــێوی و گۆڕانکارییــە دەروونــی و کۆمەڵگەییــەکان بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی فشــاری ناوەخۆیــی لــە چەوســاندنەوە و توندوتیــژی و لەناوبردنــی ئیــرادە یــان داگیرکاریــی دەرەکــی" (ابــو النجــا، ٢٠١٥: ١). بێگومــان هــۆکاری ســەرەکیی ململانێیــە نەتەواتییــەکان داگیرکاریــی دەرەوەیــە، یــان ململانێــی چەنــد نەتەوەیەکــی دیاریکــراوە لــە ســەر خــاک و جوگرافیــا و ژینگەیەکــی دیاریکــراوی مێژوویــی کــە دەبێتــە هــۆکاری ئــەوە نەتــەوەکان هەریەکێکیــان ئــەوی دیکــە بــە داگیــرکار لەقەڵــەم بــدات. لــە هەمــوو حاڵەتەکانــدا نەتــەوە وەکــوو بوونێکــی واقیعــی پارێــزگاری لــە خــۆی دەکات و بەرگــری دەکات لــە دژی هەمــوو ئەوانــەی کــە دەیانەوێــت لەنــاوی ببــەن. زۆر جاریــش ئــەو بەرگرییــە لــە ناوخــۆدا بــە شــۆڕش و ڕاپەڕیــن، لــە ڕووکاری دەرەوەشــدا بــە جەنــگ دەبێــت، لەگــەڵ ئەوەشــدا ڕۆمانیــش وەکــوو کەناڵێکــی بەرگریکــردن لەتــەک کەناڵەکانــی

دیکـەی بەرگریکـردن دێتـە گۆڕەپانەکـە، چونکـە ڕۆماننووسـیش تاکێکــی نەتەوەییــە و ئەویــش لەگــەڵ مەترســییەکانی ســەر نەتەوەکــەی ڕەنگــە چــەک هەڵبگرێــت و بجەنگێــت، دواتــر لــە ڕێگــەی ڕۆشــنبیرییەوە ئــەو بەرگرییــە تۆخــتر بکاتــەوە. بۆیــە ڕووداوی ڕۆمــان هەمیشــە بەشــێکی گرینــگ لــە کێشــە و گرفتـە نەتەوایەتییـەکان لەخـۆ دەگرێـت و بـاس دەکات. لـە هەمــان کاتیشــدا کارەکتەریــش کاریگەریــی هەیــە، چونکــە کاتێــک ڕووداو بــاس لــە شــۆڕش و ڕاپەڕیــن و جەنگــی نەتەوەیــی دەکات، بێگومــان کارەکتــەرە هەڵســووڕێنەرەکانی ئــەو شــۆڕش و ڕاپەڕیــن و جەنگانــە دەبــێ جەنــگاوەر بــن و هەڵگــری ئینتیمایەکــی بــەرزی نەتەوەیــی و هۆشــیارییەکی نەتەوەیــی بــن. بۆیــە گەلێــک جــار هــەر خــودی ســەرکردە نەتەوەییــەکان دەبنــە کارەکتــەری ڕاســتەوخۆی ڕووداوەکانــی ڕۆمانەکــە. توخمێکــی دیکــەی گرینگــی ڕۆمــان شــوێنە، کــە زۆر جـار لـە تانوپـۆی ڕووداوەکانـی ڕۆمانـدا بەشـدار دەبـن، بــە تایبەتییــش شــوێنی ســەرهەڵدانی ڕاپەڕیــن و شــۆڕش و یاخـود شـوێنی جەنگێکـی یەکلاکـەرەوە، یـان ئـەو شـوێنەی کـە بـە هێـمای نەتەوەیـی دادەنرێـت لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی نەتەوەکانــی دیکــە، وەکــوو شــارێک کــە چەنــد نەتەوەیــەک ململانێــی لــە ســەر دەکــەن و بــە هێڵــی ســووری نەتەوەیــی خۆیـان لەقەڵەمـی دەدەن. کاتیـش گرینگیـی تایبەتـی خـۆی هەیــە، هــەر چەنــدە ئــەو ڕووداوانــەی بــاس لــە شــۆڕش و ڕاپەڕیــن و جەنگێــک دەکــەن کاتەکــەی دیاریکــراوە، بــەڵام هــزری نەتەوەیــی بوونێکــی هەمیشــەیی هەیــە و کاتــی نییــە، واتــە کاتــی ململانێــی نەتەوەیــی دیاریکــراوە، بــەڵام هــزری نەتەوەیـی تاهەتایـە لـە ڕۆح و ویژدانـی تاکەکانـی کۆمەڵگـەدا هەیــە. لەمــەوە ئــەوە ڕوون دەبێتــەوە کــە ڕۆمــان کەناڵێکــی گرینگــی گوزارشــتکردنە لــە ململانێیــە نەتەوەییــەکان، بەمــەش ئەگــەر بــە لایــەک ئــەو جــۆرە ڕۆمانانــە بــە ڕۆمانــی سیاســی لەقەڵــەم بدرێــن، ئــەوا دەتوانیــن بــە ڕۆمانــی بەرگرییــش لەقەڵەمیــان بدەیــن، چونکــە بەشــێکی گرینــگ لــە هــزری نەتەوەیــی کۆمەڵگــە دروســت دەکــەن.

**بەشی دووەم**

**ڕەنگدانەوەی ململانێی نەتەوایەتی لە ڕۆمانەکاندا**

کــورد وەکــوو نەتەوەیــەک کــە هەمیشــە لــە ژێــر دەســتدا بــووە، کــەم دەرفەتــی ئــەوەی بــۆ هەڵکەوتــووە لــە چوارچێــوەی سەرخســتنی نەتەوەکــەی و ڕزگار کردنــی خاکەکەیــدا بیــر لــە نەتــەوە و نەتەوایەتــی بکاتــەوە، هــەر چەنــدە لــەم لایەنــەوە دەیــان شــۆڕش و ڕاپەڕینــی بەرپــا کــردووە، بــەڵام دیــارە کــە نەتــەوە و نەتەوایەتــی وەکــوو هزرێــک و فەلســەفەیەک لــە لای کــورد هێشــتا نەهاتبــووە ناســین و پەیــی پــێ نەبردرابــوو، بەڵکــوو بــۆ بەرگریکــردن لــە خــاک و میللەتەکــەی هەمیشــە بەرەنــگاری دوژمــن دەبوویــەوە و پارێزگاریــی لــە خــۆی دەکــرد. کاتێکیــش ڕادەی خوێندەواریــی تاکــی کــورد پــەرە دەســتێنێ و دەروازەی کوردســتان بــە ڕووی جیهانــدا دەکرێتــەوە، خوێنــدەوار و نووســەران و ڕۆشــنبیرانی کــورد نەتــەوە و نەتەوایەتییــان وەکــوو هزرێــک ناســیوە، ســەرەڕای ئەمانــەش کوردســتان وڵاتێکــی نیمچەکۆڵۆنــی بــووە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ڕاســتەوخۆ لــە لایــەن هێــزە ئیمپریالیســتە جیهانییــەکان و وڵاتانــی داگیرکــەری بێگانــەوە داگیــر کــراوە و هەمیشــە وابەســتەی ئــەو هێزانــە بــوون و ناڕاســتەوخۆ لــە ڕێگــەی زەبروزەنگــەوە بەڕێــوە بــردراوە و بــەردەوام بــە هێــزی ســەربازی گەمــارۆ دراوە و ســەروەریی خاکەکــەی پێشــێل کــراوە و هەمــوو مــاف و ئازادییەکــی سیاســیی لــێ زەوت کــراوە. لــە بــاری ئابوورییشــەوە هەمیشــە لــە هــەژاری و دواکەوتوییــدا هێڵراوەتــەوە و دانیشــتووانی لــە ســەروەت و ســامانی وڵاتەکەیــان بێبــەری کــراون و زمــان و ئــەدەب و فەرهەنــگ و کولتــووری نەتەوەییــان لــێ قەدەغــە کــراوە، لــە بەرانبەریشــدا گەلــی کــورد لــە هــەر بــەش و پارچەیەکــی نیشــتمانەکەی، زنجیرەیــەک شــۆڕش و ڕاپەڕینــی خوێناویــی بەرپــا کــردووە و شــانی داوەتــە بــەر خەباتێکــی ســەخت لــە پێنــاو ســەروەریی خــاک و ســەربەخۆیی نەتەوەکەیــدا. بۆیــە نەتــەوە و هــزری نەتەوەیــی کاریگەرییەکــی گــەورەی لــە ســەر ڕۆماننووســانی ئــەو قۆناغــە هەبــووە و هەوڵیــان داوە ڕۆمــان وەکــوو ژانرێکــی ئەدەبــی بــۆ گەشــاندنەوە و پێشخســتنی هــزری نەتەوایەتــی و هۆشــیارکردنەوەی تاکــی کــورد لــە ڕووی نەتەوەییــەوە بــەکار بهێنــن، تاوەکــوو ئاشــنای نەتەوەکــەی

ببێــت و لــە ڕووی ســۆزداری و وشــیارییەوە گــوێ بکرێــن و لــە هەڵسـوکەوتەکانیاندا ڕەنـگ بداتــەوە. لــە هەمــان کاتــدا دەبــێ ئــەوەش لەبەرچــاو بگریــن کــە لــە هەندێــک حاڵەتـدا ئـەو ململانێیـە لـە چوارچێـوەی ململانێـی خەڵـک و دەسـەڵاتدا خــۆی دەبینێتــەوە، نــەک ململانێــی نێــوان دوو نەتــەوە، بــۆ نموونـە وەکـوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب لـە عێراقـدا. ئەمـەش زیاتـر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە سـەرکردایەتییە سیاسـییەکانی هــەردوو نەتــەوە هەوڵیــان داوە کێشــەکە نەبێتــە کێشــەیەکی نەتەوەیــی، بەڵکــوو لــە چوارچێــوەی یــەک دەوڵــەت و هەروەهــا وەکــوو کێشــەی خەڵــک و دەســەڵات بکەوێتــەوە.

لــە ئەنجامــی ئــەو داگیــرکاری و سیاســەتی ســڕینەوەی نەتەوەییەشــدا، ململانێیەکــی نەتەوەیــی تونــد لــە نێــوان کــورد وەکــوو نەتەوەیــەک لەگــەڵ نەتــەوە داگیــرکارە سەردەســتەکاندا هاتووەتـە کایـەوە، ئامانجـی سـەرەکییش لـەو ململانێیــە مانــەوە و بەردەوامیبوونــی نەتــەوەی کــورد بــووە و گەیشــتن بــە ئــازادی و ســەرفرازی بــووە، بۆیــە ئەدەبیاتــی ئــەو ســەردەمە بــە گشــت ژانرەکانیــەوە لــە خزمەتــی ئــەو هــزرە نەتەوەییــە گەشــەکردووەدا بــووە، ڕۆمانیــش وەکــوو ژانرێکــی نوێــی نــاو ئەدەبیــات کەناڵێکــی گرینــگ و ســەرنجڕاکێش بــووە بــۆ ئــەوەی ببێتــە پانتایــی نواندنــی ئــەو ململانێیــە نەتەوەییــە و ڕۆماننووســان لــە بەکارهێنانــی ئــەو کەناڵــە بــۆ دەربڕینــی هەســتی نەتەوەییــان و پێشخســتنی هــزری نەتەوەیــی و سەرخســتنی ململانێیــە نەتەوەییەکــەدا درێغییــان نەکــردووە. ئەوەتـا لـە ڕۆمانـی "پێشـمەرگە"ی "ڕەحیمـی قـازی"دا بوونـی نەتــەوە و داکۆکیکــردن لــە ڕەگــەزە پێکهێنەرەکانــی نەتــەوە لــە خــاک و زمــان و کولتــوور، پێگەیەکــی بەهێــزی دەقەکــە پێــک دەهێنــن. نووســەر ئــەو جــۆرە ململانێیــەی تێکــەڵ بــە ململانــێ سیاســی و ئایدۆلــۆژی و چینایەتییەکــە کــردووە و لــە نــاو یەکدیــدا ئــەو ململانێیانــەی تواندووەتــەوە، بــە شـێوەیەک کـە هەریەکێـک لـەو ململانێیانـەدا لـە خزمەتـی ئـەوی دیکەدایـە و ڕایەڵەکانیـان تێکەڵـی یەکـدی بـوون بـە تێکچـڕژاوی بنیـادی دەقەکـە و ڕووداوی سـەرەکیی ڕۆمانەکـە تانوپــۆ دەکــەن. ئــەم تێکەڵبوونــەی ململانێــی نەتەوەیــی لەگــەڵ ململانێــی سیاســی و چینایەتــی، لــەوەدا خــۆی دەبینییـەوە کـە گەشـەکردنی ئـەو هەسـتە نەتەوایەتییـە زیاتـر لـە چینـی خـوارەوەی کۆمـەڵ ڕەنگـی دابـووەوە کـە بارێکـی زوڵـم و زۆرداری و توانــەوە و چەوســاندنەوەی نەتەوایەتییــان لــە ســەر بــوو، لــە بەرامبەریشــدا چینــی ســەرەوە لــە ئاغــا و دەرەبەگــەکان دەســتیان لەگــەڵ دوژمنــان تێکــەڵ کردبــوو و بــە هەمــوو شــێوەیەک دژی ئــەو جــۆرە هەســتە نەتەوایەتییــە دەوەســتانەوە کــە بــە ڕای ئــەوان هەســتی نەتەوایەتــی دەبێتــە هــۆکاری وشــیاربوونەوەی کۆمەڵگــە و بەمــەش ئــەوان ئــەو پێگــە و پایەیــەی کــە هەیانــە؛ لەدەســتی دەدەن. ڕۆماننــووس لــە ڕێگــەی میواندارێبوونــی "ســەرگورد شــەمیرانی"ی ســەرۆکی ژانــدارم کــە لــە نەتــەوەی فارســە، لــە ماڵــی "قەرەنــی ئاغــا" و گلەییلێکردنــی لــە بــارەی پێشــکەوتنی هــزری نەتەوەیــی کرمانجــەکان کــە گەیشــتووەتە ئــەوەی ڕێکخــراو بــن و حــزب پێــک بهێنــن و لــە زاری "قەرەنــی ئاغــا"وە دژایەتیــی ئــەو هەسـتە نەتەوەییـە دەکرێـت. "دوو سـاڵ لەمەوپێـش مەوقعێـک کــە کرمانجــە پابورەهنــەکان خەریــک بــوون شــوعبەی کۆمەڵــە لێــرە بــاز بکەنــەوە، ئەمــن کارێکــی وام بەســەر هێنــان کــە بــا بــە دەواری شــڕی نەکردبــێ، بــە نوێــژی نیــوەڕۆ دوو کەســم لــەوان یەختــە کــرد" (پێشــمەرگە: ٣٢). ئــەم جــۆرە بەرجەســتەکردنەی ململانێــی نەتەوەیــی لــە چوارچێــوەی ململانێیــە چینایەتییەکــەدا، لــە لایەکــەوە دەربــڕی ئەوەیــە کــە ئــەو ململانێیانــە هاوشــان لەگــەڵ یەکــدی ئاڕاســتە دەگــرن و پیشــاندانی خەمخــۆری و تێکۆشــانی چینــە ڕەشــوڕووتەکە نیشــان دەدات لــە بەرامبــەر نیشــتمان و بەرژەوەنــدی و نەتەوەفرۆشــیی ئاغــاکان ڕوون دەکاتــەوە، لــە هەمــان کاتیشــدا وێنــای گشــتیی ئــەو ململانێیەمــان بــۆ دیــار دەکات و ســنوورەکانی دەکێشــێت کــە بریتییــە لــە ململانێــی نێــوان دوو نەتــەوە کــە یەکێکیــان فارســەکانن و دەســەڵاتدارن و بــە هەمــوو شــێوەیەک دەیانەوێــت میللەتــی کــورد بچەوســێنەوە و بیانســڕنەوە، لایەکــەی دیکەشــیان نەتــەوەی کــوردە کــە ژێردەســتەیە و هــەوڵ و تێکۆشــان دەکات بــۆ ڕزگاربــوون لــە ژێــر چەپۆکــی نەتــەوەی فــارس و دەســەڵاتەکەی.

لـە بەشـەکانی کۆتایـی ڕۆمانەکـەدا ململانێـی نەتەوایەتـی زاڵــتر دەبێــت و ململانێــی چینایەتــی کاڵ دەبێتــەوە. ئــەم زاڵبوونــەی ململانێــی نەتەوایەتــی لەگــەڵ دامەزراندنــی کۆمەڵــەی "ژێ کاف" و حزبــی دیموکراتــی کوردســتان و

ڕێکخرابوونـی جەمـاوەری کوردسـتان و دامەزراندنـی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان وەکـوو قەوارەیەکـی نەتەوەیـی کـورد دەسـت پـێ دەکات. ڕۆماننـووس لـە ڕێـگای "میـرزا قۆیتـاس" کـە یەکێـک بـووە لـە ئەندامانـی کۆمەڵـە، بـاس لـەوە دەکات و دەڵێـت: "چەکداربوونـی کـوردان، سـازبوونی 'کۆمەڵـە' لـە سـابڵاغ و وردە وردە بڵاوبوونـەوەی بیروبـاوەڕی رزگاریخـوازی لـە کوردسـتان، لـە دڵـی میـرزا قۆیتـاس ڕووناکییەکـی گـەورەی هێنابـووە گـۆڕێ و هۆمێدێکـی زۆری بـە دواڕۆژ هەبـوو" (پێشـمەرگە: ٩٤). بـەم شـێوەیە دامەزرانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و پەخشـکردن و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەی نیشـتمانی و پێگـە و پایـەی شـاعیران و بەرهەمەکانیـان لـە بـارەی ئەدەبـی بەرگریکـردن و بەرخـۆدان... تـاد، ئەمانـە و سـەرجەم ئـەو ڕەگەزانـە بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی کۆمەڵگـەی کـوردی زیاتـر بـە هەسـتی نەتەوەیـی ببەسـترێتەوە و ململانێـی نەتـەوە سەردەسـت و داگیرکـەرەکان بـکات.

هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە ڕۆمانـی "ئاشـتیی کوردسـتان"ی "محەمـەد سـاڵح سـەعید"، سـەرەڕای ئـەوەی کـە بایەخێکـی یەکجـار زۆری بـە ململانێـی چینایەتـی داوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە بەشـەکانی کۆتاییـدا بـە لای هەسـتی نەتەوەیـی و ململانێـی نەتەوەییـدا شـکاندوویەتیەوە. "ئاشـتیی کوردسـتان وەکـوو نۆڤلێتێـک لـە ڕووی ناەرۆکـەوە هەڵگـری سـیمای سـێ قۆناغـی ئایدۆلۆژیـی کۆمەڵـی کـوردەواری و دەوروبەریەتـی، قۆناغـی ململانێـی تونـدی نێـوان چینـی فیودالـی و چینـی جووتیـارە کـە ئەمـەش درێژەپێـدەری نێوەرۆکـی چیرۆکـی چلـەکان و پەنجاکانـی کـوردە و لـە هەمـان بازنـەدا داڕێـژراوە. قۆناغـی دووەم سـەرهەڵدانی کودەتـا یـان شۆڕشـی چـواردەی تەممـووزی (١٩٥٨)ە کـە کۆمەڵـی کـوردەواری لـە نێـوان درووشـمی جۆربەجـۆر (بـا بـژی و بـا بڕووخـێ) ی ئایدلۆژیـای چەپـڕەو و میانـڕەو و ڕاسـتڕەودا تووشـی گێـژاوی تێکەڵەبـوون بووبـوو. قۆناغـی سـێیەمیش سـەردەمی دامرکانـەوەی درووشـمەکان و سـەرهەڵدانی شـۆڕش و نەهامەتییەکانیەتـی" (کاکەوەیـس، ٢٠١١، ٣). لەگـەڵ ئەوەشـدا باسـکردنی ئـەو ململانێیـە وەکـوو ئـەو باسـکردنەی ڕۆمانـی "پێشـمەرگە"ی "ڕەحیمـی قـازی" نییـە کـە لەوێـدا ململانێیـە چینایەتـی و نەتەوەییەکـە جـۆرە تێکـەڵاوی و ئاوێتەبوونێـک لـە نێوانیانـدا هەیـە، بەڵکـوو لێـرەدا هێڵێکـی جیاکـەرەوە لـە نێـوان ململانێـی چینایەتـی و ململانێـی نەتەوەیـی هەسـت پـێ دەکرێـت. لـە کاتێکـدا ڕۆماننـووس زۆرینـەی پانتایـی دەقەکـەی بـۆ ململانێـی چینایەتـی تەرخـان کـردووە و تیشـکی خسـتووەتە سـەر زوڵـم و زۆرداریـی ئاغـا و دەرەبـەگ و ڕادەی هـەژاری و چەوسـاندنەوەی چینـی جووتیـار و کرێـکار، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە سـەرکەوتنی کودەتـای (١٤)ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨، بـە سـەرکەوتنی چینـی جووتیـار و کرێـکار و دارمانـی سیسـتمی دەرەبەگایەتـی و ئاغایەتـی کـە پاشـایەتی نوێنەرایەتیـی دەکـرد؛ تـەواو بـوو و لـە جێگـەی ئەوانیـش سیسـتمی کۆمـاری هاتـە ڕاگەیانـدن و بەمـەش کۆتایـی بـەو ململانێیـە چینایەتییـە دەهێنرێـت، لەگـەڵ ئـەو کۆتاییهاتنەشـدا ڕۆماننـووس ئامـاژە بـە تێکەڵبوونـی هـەوڵ و خەباتـی نەتـەوە جیـاوازەکان دەکات لـە بەشـداربوون و پاڵپشـتی لـەو گۆڕانکارییانـە و جەخـت لـە سـەر پێکەوەژیانـی نەتـەوەکان دەکاتـەوە، بـە تایبەتییـش ڕۆماننـووس لـە گەلێـک شـوێندا نـاوی نەتەوەکانـی وەکـوو کـورد و عـەرەب و تورکمانـی هێنـاوە کـە بەشـدارییان لـەو شۆڕشـەدا کـردووە و هیـچ ڕکوکینـە و جیاوازییـەک لـە نێوانیـادا نەبـووە. "هێنـدەی پێنەچـوو بەرپەنچەرەکانـی دیـوی نـاوەوەی گرتووخانـە گیـرا، دەسـت کـرا بـە هـاوار هـاوار، بـە عەرەبییەکـە زۆر تێنەدەگەیشـتم، کوردەکانیـش هاواریـان دەکـرد: 'بـە هێـزی گـەل و سـوپا ... دوژمنـمان لەگـۆڕ نـرا'" (ئاشـتیی کوردسـتان: ١٥٠). ڕۆماننـووس ویسـتوویەتی ئـەو پەیامـە بـە خوێنـەران بگەیەنێـت کـە ململانێیـەکان زیاتـر لەگـەڵ دەسـەڵات و نۆکەرەکانـی وەکـوو ئاغـا و دەرەبـەگ بـووە، بـەو واتایـەی کـە زیاتـر چینایەتییـە نـەک نەتەوەیـی. لێرەشـدا ململانێـی چینایەتـی گەیشـتووەتە ترۆپـک و ئەنجامێکـی ڕاسـت و ڕەوانـی بەدەسـت هێنـاوە، کەچـی لـە دوای ئـەو ڕووداوانـەدا یەکسـەر ململانێیەکـی دیکـە دەسـت پـێ دەکاتـەوە کـە ئەویـش ململانێـی نەتەوایەتییـە و ڕۆماننـووس پانتاییەکـی کەمـی بـۆ تەرخـان کـردووە و زیاتـر لـە بەشـەکانی (١٧) و (١٨)دا بـە خێرایـی و وەکـوو ئاماژەدان باسـی لـەو جـۆرە ململانێیـە کـردووە. بـەو واتایـەی هێڵێکـی جوداکـەرەوە لـە نێـوان ئـەو دوو ململانێیـە دەبینرێـت و گواسـتنەوەش لـەو ململانێـی چینایەتییـەوە بـۆ

ململانێـی نەتەوایەتـی بـە شـێوەیەکی وا کتوپـڕ بـووە کـە دوای سـەرکەوتنی چینـی جووتیـار و کرێـکاران و لەناوبردنـی ڕژێمـی پاشـایەتی، خوێنـەر ڕاسـتەوخۆ ڕووبـەڕوو دەکرێتـەوە لەگـەڵ جەنـگ و وردەکارییەکانـی شـۆڕش، بـێ ئـەوەی ڕۆماننـووس زەمینەسـازی بـۆ ئـەو گۆڕانکارییـە بـکات و هۆکارەکانـی هەڵگیرسـاندنی ئـەو شۆڕشـە ڕوون بکاتـەوە، یاخـود پەنجـە بخاتـە سـەر ئـەوەی کـە لەبـەر کوردبـوون شـاڵاوێکی بێپسـانەوەی لەناوبـردن و سـڕینەوەی نەتەوەیـی لـە لایـەن حکومەتـە یەکلەدوابیەکانـی عێـراق کـە زیاتـر لـە ژێـر دەسـتی نەتـەوەی عەرەبـە دەسـت پـێ کـرد و لـە بەرامبەریشـدا وەکـوو بەرچەکـردار و بەرگریلەخۆکـردن شـۆڕش هەڵگیرسـاوە، واتـە ململانێـی نێـوان نەتـەوەی کـورد و عەرەبـە.

هـەروەک چـۆن ڕۆماننـووس ململانێـی چینایەتیـی بەکۆتایـی هێنـا، ململانێـی نەتەوایەتییـش لـەم ڕۆمانـەدا بەکۆتـا دەهێنێـت، بـەڵام بـە هەمـان شـێوە نـا، بەڵکـوو لـە ڕێگـەی ڕێککەوتنـەوە کـە لـە سـەر زاری "هێمـن" بـرای گوڵەخانـەوە کـە خـۆی یەکێـک بـووە لـەو پێشـمەرگانەی هاتنـە نـاو گوندەکـە و مـژدەی ئاشـتییان پـێ دان. "ڕزگارمـان بـوو... ئاشـتییە... ئاشـتیی کوردسـتان، کـورد مافـی وەرگـرت... ئۆتۆنۆمـی..." (ئاشـتیی کوردسـتان: ١٨٩). ڕۆماننـووس لـەم دوو بەشـدا و بـە تایبەتییـش لـە بەشـی کۆتاییـدا زیاتـر جەخـت لـە سـەر نەتـەوەی کـورد دەکاتـەوە و هەسـتی نەتەوایەتـی لـە لای تاکـەکان لـە ڕێـگای ڕەفتارەکانیانـەوە بەرچـاو دەخـات و هـەوڵ دەدات ئـەوە بسـەلمێنێت کـە ئـەو ڕێککەوتنـە دووبەرەکـی و شـەڕی براکوژیـی لـە نـاوەوەدا نەهێشـت و کۆمەڵگـەی یـەک خسـتەوە. ئـەم کۆتاییهێنانـەی ململانێـی نەتەوەییـە بـە ڕێککەوتـن و ئاشـتبوونەوە و هاوسـەنگیراگرتنی هـەردوو لایەنـە، هـەم حکومەتـی عێـراق و هەمیـش سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد و گەڕاندنـەوەی ئـەو پێکەوەژیانـەی نێـوان نەتەوەکانـە کـە ڕۆماننـووس بـڕوای پێـی هەیـە، لێرەشـدا ڕووداوەکان دەوەسـتن و کۆتاییـان دێـت و ڕووداو ناپەرژێتـە سـەر هەرەسـهێنانی ئـەو ڕێککەوتنـە و دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و نسـکۆی شۆڕشـەکە و ئەنجـام و هۆکارەکانـی، بەڵکـوو ڕۆماننـووس ئـەو کۆتاییـەی پـێ بـاش بـووە کـە لەگـەڵ ڕەوتـی ململانێیـە چینایەتییەکـە دەگونجێـت و گەشـبینی و هیـوا و ئاواتێـک دەبەخشـنەوە.

لـە ڕۆمانـی "ژانـی گـەل"ی "ئیبراهیـم ئەحمـەد"دا ململانێـی نەتەوایەتـی تـەواوی دەقەکـە پێـک دەهێنێـت، ئـەو ململانێیـە لـە ڕووی تـاک و کۆمەڵـەوە وێنـای کـراوە و تـەواوی برگـە و وێسـتگەکانی ڕۆمانەکـە پێـک دەهێنێـت. جەمسـەرەکانی ئـەو ململانێیـە بـە هـۆی ئەوەیـە کـە لـە لایـەن نەتەوەیەکـی دیکـەوە کـە عەرەبـە، خـاک و نیشـتمانی نەتـەوەی کـورد داگیـر دەکرێـت و بەمـەش کۆمەڵگـە دەکەوێتـە ژێـر چەرمەسـەرییەکانی ئـەو داگیرکردنـە. واتـە لایەنێکـی ئـەو ململانێیـە دەسـتدرێژیکەرە و لایەنەکـەی دیکـە زوڵملێکـراوە و بەرگـری دەکات، بـەم جـۆرە ململانێیەکـی نەتەوایەتـی لـە نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب هاتووەتـە کایـەوە و ڕۆماننـووس هەوڵـی داوە لـە ڕێگـەی ئـەو ململانـێ سیاسـی و نەتەوایەتییـەوە تـەواوی ڕەنگـوڕووی کۆمەڵگـە شـی بکاتـەوە و ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە تێیـدا ڕوو دەدەن و کاریگەرییەکانـی بەسـەر پەرەسـەندنی؛ بخاتـە ڕوو. ئـەو ململانێیـە لـە دوو ڕوانگـەی سـەرەکییەوە پیشـان دراوە:

١- لـە سێگۆشـەی زیندانـەوە ململانـێ نەتەوەیـی و سیاسـییەکانی کۆمەڵگـەی ئەوسـای کـوردی خراوەتـە ڕوو و ڕۆماننـووس هەوڵـی داوە لـەو ڕێگەیـەوە زوڵمـوزۆری دەسـەڵاتداری داگیـرکار نیشـان بـدات، بەتایبەتییـش کـە پاڵەوانـی سـەرەکیی ڕۆمانەکـە کـە "جوامێـر"ە، کەسـێکی بێوەیـە و لـە سـەرەتادا سـەر بـە هیـچ لایـەک نییـە، چ لایەنـی شـۆڕش و چ لایەنـی دەسـەڵاتدار. بـەڵام بـە هـۆی تێکەڵاوبوونـی لـەو خۆپیشـاندانەی کـە لـە شـارەکەدا بـوو و تێوەگلانـی بـەوەی کـە سـەرکردەی ئـەو شۆڕشـەیە، لـە هەمـان کاتـدا بینینـی ئـەو هەمـوو زوڵـم و زۆردارییـە، دەگاتـە ئـەو قەناعەتـەی کـە بچێتـە ڕیـزی شۆڕشـەوە و خەبـات بـۆ ڕزگاریـی نیشـتمانەکەی بـکات. لـە ڕاسـتیدا وێناکردنـی ئـەو ململانێیـە خـۆی لـە بوونـی شـۆڕش و دەسـەڵاتی حکومەتـدا دەبینێتـەوە. ڕۆماننـووس لـە سـەرەتادا کاتێـک کـە "جوامێـر" لـە زینـدان ئـازاد دەبێـت، وێنـای بارودۆخـی ئـەو کۆمەڵگەیـە بـە تایبەتییـش شـار پیشـان دەدات و ئاسـتی ئـەو ململانێیـە ڕوون دەکاتـەوە کـە بـە هـۆی ئـەوەی بزووتنـەوەی نیشـتمانی

خەباتی بۆ دەکات؛ بارودۆخی شار گەیشتووەتە چ ئاستێک، بەتایبەتییش بوونی حزبێک کە ڕێکخستنەکانی لە ناو شاردا کار و چالاکی ئەنجام دەدەن و بووەتە هۆکاری ئەوەی هەستی نەتەوایەتی لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەرز بێتەوە، لەبەر ئەوەش هەمیشە بارێکی نائاسایی لە شاردا هەستی پێ دەکرێت. سەرەڕای ئەمانەش، باسی ئەو زوڵم و زۆردارییانەی زیندان و شێوازی مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵیاندا، ڕوویەکی دیکەی ئەو ململانێیە سیاسییە و نەتەوایەتییە نیشان دەدات. "ئەوەی نەکەوتبێتە بەر دەستی ئەم کاربەدەستانەی میری، ناتوانێت بزانێت چ جانەوەرێک و پیاوخۆرێکن! ئێستەش لەشم موچڕکی پیا دێت کە دێتەوە بیرم یەکەم جار دوای برینداركردنەکەم چاوم کردەوە چیم دی! هەموو بریندار و کوژراوەکانیان لە دالانی سەراکەدا کەڵەکە کردبوو لە سەریەک، هاوار و نرکە و ناڵە و زریکە و پاڕانەوە و جنێویان وەک خوێن و ئێسک و گۆشتیان تێکەڵ ببوون و لە هەموو بەختیارتر ئەوەیان بوو کە گیانی دەرچووبوو" (ژانی گەل: ٩٣-٩٤). دیارە ئەو ململانێ سیاسی و نەتەوەییە لە دوو جەمسەری سەرەکیدا خراوەتە ڕوو، یەکەمیان دەسەڵاتی حکومەت و ڕەفتار و کردەوەکانی دژ بە نەتەوە و مرۆڤایەتی، دووەمیش لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە و بۆ ئەوەی ئازادی بەدەست بهێنرێت و نیشتمان ڕزگاری بێت. شۆڕشێک لە ناو وڵات بەرپا کرابوو کە زیاتر لە ناوچە شاخاوی و لە گوندەکاندا دەسەڵاتدار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕێکی سەختی خوێناویی بەرپا کردبوو بۆ ئەوەی دەسەڵات بشکێنێت و ناچار بە دانان بە مافەکانی نەتەوە بکات.

٢ـ ئەو ململانێ نەتەوەیی و سیاسییە لە چوارچێوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆماننووسیش لەم بارەیەوە سوودی لە پەیوەندیی هاوڕێیەتی وەرگرتووە، بەشێک لە ڕەوشی زیندان و بەشێکیش لە بارودۆخی شار پیشان دەدات. ڕۆماننووس لەو دەرگایەوە هەوڵ دەدات ئاستی ئەو ململانێ سیاسی و نەتەوایەتییە بکێشێت و هەستی نەتەوەیی لای تاکەکانی کۆمەڵگەش پیشان بدات کە دەبێت لەگەڵ بارودۆخی خراپی کۆمەڵگەکەیاندا هەست بە پرسیارێتی بکەن، بەتایبەتییش کە لە بارودۆخێکدا شۆڕش لەئارادایە و قۆناغەکە ململانێیەکی سەختە لە نێوان شۆڕش و میریدا. ئەوەتا ڕۆماننووس لە زاری کارەکتەرێکی وەکوو "هێمن"ەوە بارودۆخی وڵات و ململانێ سیاسی و نەتەوەییەکە لەو گۆشەنیگایەوە دەخاتە بەر باس. "هاونیشتمانیی ئێمە دەستی لە ناز و نیعمەت و بەرگی چاک و خواردنی خۆش و خواردنەوە هەڵگرتووە و کەژی گرتووەتە بەر لە پێناوی پاراستنی خاک و ئازادی و ناموس و شەرەفی گەلەکەمان و لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانیدا، ئێمەش خەریکی ئارەق خواردنەوە بین! جا سەرەڕای کلۆڵی، دوژمن ئەشمانکات بە داخی نەنگی بە ناوچەوانی گەلەکەمانەوە، وە هەوڵ ئەدەن بە ئێمەوە هەموو بزووتنەوەی نیشتمانی بەدناو بکەن و لەبەرچاوی گەلی بخەن" (ژانی گەل: ٨٧). ئەم تێڕوانینەی کە لە پانتایی دەقی ڕۆمانەکەدا زاڵە، زیاتر بە لای شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی زوڵم و زۆرداریدایە و دژی ئەو دەسەڵاتە داگیرکارییە دیکتاتۆرەیە کە ئازادیی لە میللەت زەوت کردووە. بۆیە دواجار شۆڕش دەبێتە ئەو ڕێگا چارەسەرەی کە ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوە بەدی بهێنێت.

لە ڕۆمانی "سەگوەڕ"ی "محەمەد موکری"دا، نەتەوە و ململانێی نەتەوایەتی بەشێکی گرنگ لە ئاراستە و پەیامەکانی دەقەکە لەخۆ دەگرن، بە تایبەتییش کە ئەو دەقە یەکەمین دەقە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لەدایک بووە، بەو واتایەی سانسۆری لە سەر نەبووە و ڕۆماننووس ئازادانە بیروڕاکانی خۆی دەربڕیوە. ئەو ململانێیەی کە جەختی لە سەر کراوەتەوە، بریتییە لە ململانێی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، کە دیارە ڕۆماننووس بێتاوانیی نەتەوەکەی و دەستدرێژیی نەتەوەی عەرەب دیار دەخات. ڕووداوی دەقەکە لە ناو زینداندا بەڕێوە دەچن و لەوێوە بە تەکنیکی فلاشباک ڕۆماننووس یادەوەرییەکان دەهێنێتەوە ناو بیر و هزری کارەکتەری سەرەکییەوە کە زیندانی کراوە. بەو واتایەی "ژیانی نێو زیندان بیرکردنەوەیە لە دەرەوەی زیندان کە هەم بۆ نووسەر و هەم بۆ خودی پاڵەوان بیرکردنەوە هەر دەکاتە زیندان، بە جۆرێک هەردووکیان لە زیندانەوە بیر لە زیندانی ناخ

دەکەنـەوە" (عەبـدوڵا، :٢٠٠٤ ٩٤). لەگـەڵ ئـەو یادکردنەوەشـدا بارودۆخـی دەروونـی و هزریـی کارەکتەرەکـە نیشـان دەدات و ڕایەڵەکانـی هــزرە نەتەوەییەکـە دەخاتـە ڕوو. "زیاتـر دڵـت بـەوە خـۆش بـوو کـە سـەر بـە نەتەوەیەکـی فەرامۆشـکراوی لــە وڵاتێکــی پەناهەنــدەی چەنــد وڵاتێکدایــت و هەمــوو هەنــگاو و هەناســەیەکت حیســابی بــۆ دەکرێــت. حیســابێ هەرگیـز لێبـوردن و بەخشـین یـا سـتایش و جاویـدی ناگرێتـە خــۆی" (ســەگوەر: ١٣-١٤). بــەم شــێوەیە شــانازیکردنێک بـە نەتـەوە لـە لای کارەکتـەری سـەرەکی دروسـت دەبێـت کـە تانوپـۆی هـزری دەکـەن و لەگـەڵ ئەویشـدا بارودۆخـی داگیرکــراوی وڵاتەکــەی پیشــان دەدات و "ڕووە تاریکەکــەی سیســتمی فاشــیزم دەخاتــە ڕوو و ڕوویەکــی دڕندانــەی ئەداتــێ و عەقڵیەتــی کۆنەخــوازی پیشــان ئــەدات. لــە نــاو هەمــوو ڕووداو و کارەســاتەکانی ڕۆمانــی ســەگوەڕ، نووســەر کەسـێکی بەئـاگا و سـەرکێش و بـەرزە، وێنەیەکـی بێبەهـا ئەداتـە ئـەو سیسـتمە" (حەمـە ئەمیـن، :٢٠٠٣ ٦٨). بێگومـان بــە حوکمــی ئــەوەی ڕۆمانەکــە لــە ناوجەرگــەی شۆڕشــدا لەدایــک بــووە، لەوپــەڕی نواندنــی هــزری نەتەوەییدایــە، بـە تایبەتییـش کـە ڕووداوەکانـی یەکپارچـە سیاسـین و لـە ڕوانگـەی بـوون و مانـەوەی نەتـەوەدا سـەرچاوەیان گرتـووە، لەبــەر ئــەوەش دەکرێــت بڵێیــن ئــەو ڕۆمانــە؛ ڕۆمانێکــی سیاســییە و تــەواوی ڕووداوەکانــی لــە خزمەتــی سیاســەت و ئایدۆلۆژیــای نەتەوەییــن، بــە تایبەتییــش ڕۆماننــووس بایەخـی بـە کێشـەکانی کۆمەڵگەکـەی داوە و ئـەو تەگـەرە و کۆسـپە گرینگانـەی کـە لەمپـەڕن لـە بـەردەم پێشـکەوتنی کۆمەڵگەکـەی؛ خسـتووەتە ڕوو، بـە تایبـەت لـە قۆناغـی ژانـی ڕزگاربوونـی سیاسـی و دامەزراندنـی قەوارەیەکـی نەتەوەیـی تایبـەت بـە خـۆی، لـە کاتێکـدا ڕووبـەڕووی مەترسـیدارترین ڕژێمـی سیاسـی بووەتـەوە، لـەم ڕوانگەیەشـەوە ڕۆماننـووس هەوڵـی داوە ڕووکارەکانـی ئـەو ململانـێ سیاسـی و نەتەوەییـە بخاتـە ڕوو،کـە ئەمـەش بـۆ ئـەو زوڵـم و زۆرداریـیـەی کـە دەسـەڵات دژ بـە نەتـەوەی کـورد و داوا ڕەواکانـی پەیـڕەوی کـردووە و هەوڵـی داوە بوونـی ئـەو نەتـەوە بسـڕێتەوە و لـە تـەواوی مافەکانـی بێبەشـی بـکات. بۆیـەش زۆر بـە توندوتیـژی لەگـەڵ هـەر داواکارییـەک و چالاکییـەک جووڵاوەتـەوە. ئەوەتـا

کاتێـک کارەکتـەری سـەرەکی دەچێتـە شـاخ و نـاو بزووتنـەوەی ڕزگاریخــوازەوە، دەســەڵات بەوپــەڕی توندوتیژییــەوە زوڵــم لــە خانەوادەکــەی دەکات. "'بــە کورتــی، هەرکــە تــۆ هاتیتــە دەرەوە، پــاش چەنــد ڕۆژێ هاتنــە ســەرمان هەموومانیــان گــرت... زۆریــان لــە باوکــت دەکــرد کــە بێتــە دوات و بتهێنێتـەوە، ئەویـش دەیـوت: ئێـوە حکومـەت، تـۆپ و تەیـارە و تانگتـان هەیـە، فەرمـوون بچـن بیهێننـە و... زۆریـان لەگـەڵا کـرد و زیاتریـان وت... هەڕەشیان لـێ دەکردیـن بماننێرنـە ئـەو خوارانـە. ئیـتر پـاش هەڕەشـە؛ لـە ژێـر دارا کوشـتیان، مـن و نەسرینیـش...' هەرکـە دایکـت نـاوی نەسرینـی هێنـا، دایـە پرمـەی گریـان، تۆیـش شـێتانە دەسـتی دایکـت ڕادەوشـاند و لـە سـەر یـەک و بـە پەلـە دەتـوت: "ئـێ... ئـێ... نەسریـن... ئـێ... چـی؟" "مـن و نەسرینیـان بـەرەڵا کـرد..."' (سـەگوەڕ: ٢٢). ئـەو زوڵـم و زۆرداریـیـەی حکومـەت بەرامبـەر بـە گـەل، وای کردبـوو هەسـتی نەتەوەیـی بـەرەو بەرزبوونـەوە بـڕوات و خەڵـک ئیرادەیەکـی بەهێزتـر نیشـان بـدات. لـە ڕاسـتیدا ئـەو ڕۆمانـە لێوانلێـوە لـە باسـکردنی ئـەو بارودۆخـە ناهەمـوارەی کـە گەلـی کـورد لـە سـاڵانی حەفتـاکان و هەشـتاکان تێیـدا دەژیـا و لــە هەمــان کاتیشــدا وێنــای ئــەو کاردانەوەیــەی کــردووە کــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی پێــک هێنــاوە و خەباتـی چەکـداری دەکات بـۆ ئـەوەی بەرگـری لـە بـوون و مانـی خـۆی بـکات.

لــە ڕۆمانــی "هــەرەس"ی "موکـری"دا ململانێــی نەتەوەیــی بنچینـە و بناغـەی دەقەکـەی داڕشـتووە، بـە جـۆرێ ململانێـی نێــوان نەتــەوەکان بــە ڕوونــی لــە لایــەن ڕۆماننووســەوە جەختــی لــە ســەر کراوەتــەوە و ڕەهەنــد و لایەنەکانــی خراوەنتـە ڕوو. نەتـەوە و نەتەوایەتـی لـەم ڕۆمانـەدا لـە چڵەپۆپـەی گەشەسـەندن و پێگەیشـتندایە و ڕۆماننـووس لـە ڕوانگەیەکـی نەتەوایەتییـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ ڕووداوەکانـی نـاو دەقەکـەدا کـردووە. هەسـتی نەتەوایەتـی لـەم ڕۆمانـەدا ئەوەنــدە بەهێــزە، تەنانــەت بەشــێک لــە کەســایەتییە سیاسـییەکانیش لـە ناواخنـی دەقەکـەدا ناویـان هاتـووە، بـەڵام وەکـوو ڕۆمانـی "پێشـمەرگە"ی "ڕەحیمـی قـازی" نەبوونەتـە کارەکتـەر لـە نـاو دەقەکـەدا، بەڵکـوو تەنیـا ناویـان هاتـووە و ڕۆماننـووس بـە مەبەسـتێکی نەتەوەیـی لـە نـاو ڕووداوەکانـدا

نـاوی هێنـاون. لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـەدا ململانێـی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و فـارس ڕووناکیـی دەخرێتـە سـەر و ڕۆماننـووس لـە چوارچێـوەی باسـکردنی کۆمـاری کوردسـتان، لـە مهابـادەوە پـەردە لـە سـەر ئـەو زوڵـم و زۆرداریـەی دوژمنانـی کـورد هەڵدەماڵێـت. کاتێـک بـاس لـە کارەکتەرێکـی وەکـوو "حەمـە" دەکات کـە پێشـمەرگە بـووە و لـە دوای ڕووخانـی کۆمـارەوە لـە گونـدی "هەنجیـرە" خـۆی حەشـار داوە، بـەڵام دوای ئاشـکرابوونی، ژەندرمـەکان بەسـەر ئـەو گونـدەدا دەدەن و خەڵکەکـەی کۆمەڵکـوژ دەکـەن. "دانیشـتووانی دێ بـەدەم تەقـەی ژەندرمەکانـەوە بەدەمـا دەکـەون، لاشـەکانیان لـە نێـو ئاگرەکـەدا دەبێتـە خۆڵەمێـش... کزەبـا سـاردەکەش زیاتـر ئاگرەکـە دەگەشـێنێتەوە، ئـەوا ئـەم کادان بـۆ ئـەو کادان ئاگـر دەنێـرێ. یەکـە یەکـە خانـووەکان دادەتەپێـن" (هـەرەس: ٢٠). لـە ڕێگـەی دیمەنـی سـووتاندنی گونـد و کوشـتنی بەکۆمەڵـی دانیشـتووانەکەی، ڕۆماننـووس دڕندەیـی و بێویژدانیـی ئـەو دوژمنـە نیشـان دەدات و لـە بەرانبەریشـدا ڕادەی ئـەو زوڵـم و زۆرداریـەی کـە بەرانبـەر کـورد دەکرێـت دیـاری دەکات، هۆکارەکەشـی تەنیـا کوردبوونـە، بـەو واتایـەی جیاوازیـی نەتەوەیـی تاکـە هـۆکاری ئـەو دوژمنایەتییـە سەرسـەختەیە کـە لـە بەرانبـەری دەگێردرێـت. ئەمـەش وای کـردووە کـورد بـە ناچـاری بەرگـری لـە خـۆی و لـە مانـەوەی وەکـوو نەتـەوە و لـە خاکەکـەی بـکات. بۆیـەش هێزێکـی وەکـوو پێشـمەرگە کـە بەرگـری لـە خـاک و مانـی نەتەوەکـەی دەکات؛ دروسـت دەبێـت و لـە نـاو دەقەکەشـدا بـۆ یەکـەم جـار نـاوی پێشـمەرگە دێـت.
لـە دیمەنێکـی دیکـەدا ڕۆماننـووس ململانێـی نەتەوەیـی لـە عێـراق کـە لـە نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عەرەبدایـە؛ دەخاتـە ڕوو و ڕووداوەکـەی "گاورباغـی"ی شـاری کەرکـووک بەسـەر دەکاتـەوە کـە لەوێـدا بـە فیتـی دەسـەڵات ململانێـی نەتەوایەتـی گەیشـتە ئەوپـەڕی و شـەڕێکی خوێناویـی گـەورە لـە نێـوان کـورد و تورکـمان کەوتـەوە. ڕوودانـی ئـەم شـەڕە بـە هـۆی ئـەو خۆپیشـاندانەوە بـوو کـە بـە هـۆی سـاڵڕۆژی (١٤)ی تەممـووز سـاز کرابـوو و سـەرجەم نەتەوەکانیـش بەشـداریيان تێـدا کردبـوو. "ئەحمـەد بەسـەر شۆسـتەکاندا هـەر جـارە بـە تەنیشـتی بـەرەو چینێـکا دەڕۆیشـت، بـە کـوردی و تورکمانـی و عەرەبـی و ئاسـووری درووشـمەکانی دووبـارە ئەکـردەوە" (هـەرەس: ١٦٦). ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئـەو هەسـتیارییە نەتەوەییـە لـە سـەرەتادا لـە نێوانیانـدا نەبـووە، بـەڵام دواتـر بـە هـۆی سیاسـەتەوە هاتووەتـە کایـەوە و بـە هۆیـەوە کـوژراو و بریندارێکـی زۆری لـێ بـووە. بێگومـان دەسـەڵات سـوودمەندی یەکـەم بـوو لـە نانـەوەی ئـەم جـۆرە ململانێیـە نەتەوەییـە لـە نـاو نەتەوەکانـی شـاری کەرکووکـدا، بـە تایبەتییـش بـۆ ئـەوەی زیاتـر کـورد لاواز بێـت و نەتـەوەی تورکمانیـش دوژمنداریـی لەگەڵـدا بـکات.
لـە دیمەنێکـی دیکـەدا ڕۆماننـووس بـاس لـە شۆڕشـی ئەیلـوول دەکات و ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە هەڵگیرسـاندنی ئـەم شۆڕشـە دەرئەنجامـی گەشەسـەندنی ئـەو هەسـتە نەتەوایەتییـە بـوو کـە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە دژی زوڵـم و سـتەمی دوژمـن و داگیـرکاران گەورەتـر دەبـوو، ئـەو شۆڕشـە بـۆ هەڵگرتنـی ئـەو چەوسـاندنەوە نەتەوەییـە بـوو کـە هەبـوو، بـە شـێوەیەک کوردبـوون هۆکارێکـی گرینـگ بـوو بـۆ دوژمنـان تـا لەنـاوی بـەرن و خاکـی داگیـر بکـەن و گوندەکانیـان بسـووتێنن. لـەم ڕووەوە ڕۆماننـووس ئامـاژە بـەوە دەکات و دەڵێـت: "ئینسـانی کـورد نرخـی نەبـووە، چ گوێیەکـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نەیبیسـتوون، خوێنیـان نرخـی نییـە. کـوژراوە، هـەر لەبـەر ئـەوەی کـورد بـووە ویسـتوویەتی وەکـوو ئینسـان بـژی... ئابـڕووی بـراوە، دەربـەدەر کـراوە، خەسـێنراوە، نۆکـەری نۆکەرانـی پـێ کـراوە، هـەر لەبـەر ئـەوەی کـورد بـووە! دۆسـت و نەنـاس هـەر بـەم دەردەی بـردووە. چ نەمـاوە پێـی نەکـرێ، لـە خـاک بێبـەری، لـە وردتریـن پێویسـتیی ئینسـانی بێبـەری. بـە شایسـتەی ژیانـی 'سەگئاسـایی' نازانـرێ، هـەر لەبـەر ئـەوەی کـوردە. ئیـدی ئەگـەر بـۆ 'مـان' و سەربەسـتی یاخـی بـێ، بکـوژرێ، بکـوژێ، بـۆ لەڕێدەرچـوو و دڕنـدە و انفصالیخـواز و... و... و بـێ! بـۆ؟" (هـەرەس: ١٩٣).
بـەم پێیـە ڕۆماننـووس لـەم وێسـتگە و ڕوانگانـەوە ململانێـی نەتەوایەتـی دەخاتـە ڕوو و لـە ڕێگـەی ڕووداوگەلـی مەزنـی نەتەوەییـەوە ڕووداوەکانـی ڕۆمانەکـەی دادەڕێژێـت، هـەر لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد و شۆڕشـی ئەیلـوول و دووبـارە هەڵگیرسـاندنەوەی شـۆڕش و بارودۆخـی تایبەتیـی شـاری کەرکـووک، ململانێیـە نەتەوەییەکـە دەخاتـە بـەر بـاس

و لێکۆڵینــەوە.

لــە ڕۆمانــی "تۆڵــە"ی "محەمــەد موکــری"دا ململانێــی نەتەوایەتــی بنچینــە و بناغــەی دەقەکــە پێــک دەهێنێــت، بــە شــێوەیەک کــە دەقەکــە بــە تەواوەتــی تەرخــان کــراوە بــۆ پیشــاندان و شــیکردنەوە و لێکدانــەوەی لایــەن و ڕەهەندەکانــی ململانــێ سیاســی و نەتەوایەتییەکانــی نــاو کۆمەڵگــە، بــە تایبەتییــش ڕووکاری ئــەو ململانــێ سیاســی و نەتەوەییــەی کــە لــە ســاڵانی هەشــتاکاندا لــە نــاو کۆمەڵگــەدا هەبــوو. دەکرێــت بڵێیــن ئــەو دەقــە خــاوەن بنیادێکــی نەتەوەیــی بەهێــزە کــە بــە هــزر و دەربڕینەکانــی ئایدۆلۆژیــی نەتەوەیــی ڕەنگرێــژ کــراوە و ڕۆماننــووس لــە ڕێــگای پیشــاندانی بارودۆخــی نەتــەوەوە ململانــێ سیاســییەکانی ئــەو ســەردەمە وێنــا دەکات و ئامــاژە بــەو خەبــات و تێکۆشــانە دەکات کــە بــۆ ئــازادی و ڕزگاریــی نیشــتمانی ڕێچکــەی گرتــووە و بــە هــۆی نیشــاندانی ئــەو زوڵــم و زۆرداریــەی دوژمنیــش، نەهامەتــی و وێرانییەکانــی ئــەوان ڕۆژانــی لــە بەرانبــەر کۆمەڵگــە ڕوون کردووەتــەوە. لــەم دەقــەدا هەســتێکی نەتەوایەتیــی قــووڵ و خەســت گوزارشــتی لــێ کــراوە و لــە هەمــان کاتیشــدا ئامــاژە بــەو نەتەوانــەش کــراوە کــە کوردیــان داگیــر کــردووە و لــە ڕێگــەی ئــەو ململانــێ نەتەوەییــەوە خەبــات و تێکۆشــانی نەتــەوە خراوەتــە ڕوو. ئــەو خســتنەڕووەش لــە چەندیــن ڕووەوە خــۆی نوانــدووە، لەوانــەش خســتنەڕووی هــزری نەتەوایەتییــە کــە ڕۆماننــووس بــە گەلێــک ڕێگــەوە هزرێکــی ســفت و ســۆڵی نەتەوەیــی وێنــا کــردووە و لــە چوارچێــوەی ئــەو هــزرە نەتەوەییــەوە ململانــێ سیاســی و نەتەوەییەکانــی وێنــا کــردووە. یەکێکــە لــەو ڕێگایانــەی کــە بــە هۆیــەوە هــزری نەتەوەیــی گوزارشــتی پــێ کــراوە، کارەکتەرێکــە بــە نــاوی "حاجــی محێدیــن" کــە جووتیارێکــی گونــد بــووە و بــە هــۆی ئــەوەی کــە پێشــمەرگە و کادیــری حــزب بــووە، خاوەنــی هزرێکــی نەتەوەیــی بــووە و بــەو هۆیەشــەوە ڕۆماننــووس گەلێــک لــە ململانــێ سیاســی و نەتەوەییەکانــی لــە ڕێگــەی ڕەفتــار و هەڵســوکەوتەکانی ئــەوەوە دەگێڕایــەوە. ئەوەتــا لــە ڕێــگای حەجکردنــەوە ئامــاژە بــەو نەتەوانــە دەکات کــە کوردســتانیان داگیــر کــردووە و دژایەتییەکــی تــەواوی کوردیــش دەکــەن، ئەمــەش لــەو دەمەتەقێیــەی لەگــەڵ گەنجانــی گوندەکەیــەوە دەخرێتــە ڕوو کــە "مســتەفا"ی کــوڕی ئامــاژەی بــۆ دەکات.

- باشە حاجی، لە حەجدا دوعایێکت بۆ ئێمە کرد؟

- ئەیچۆن... زۆر دوعای خێرم بۆ کردن.

- وەکوو چی؟

- گوتــم: خوایــە، کــوردان لــە شــەڕی شــەیتان و بــەڵای ناگەهــان بپارێزیــت!

- هەر کوردان؟ ئەی ئەوانی دی؟

- ئەوانی دی کێن؟

- عارەب، تورک، فارس.

- گەلێــک عــارەب و تــورک و فــارس... نازانــم چیــی تــری لــێ بــوو... ئــەوان دوعایــان بــۆ ئێمــە نەدەکــرد (تۆڵــە: ١٠).

ئــەو هەســتە نەتەوەییــە لــە دووتوێــی ئــەو ڕووداوانــەوە گوزارشــتی لێــوە کــراوە و بەشــێک لــە ڕەوتــی ڕووداوەکانیــان پێــک هێنــاوە، لــە هەمــان کاتیشــدا بــە هۆیــەوە ململانێیەکانــی نێــوان نەتــەوەی کــورد و عــەرەب و تــورک و فارســیان پیشــان داوە. دیــارە لــەو ململانێیــەدا نەتەوەکانــی دیکــە سەردەســتن و نەتــەوەی کوردیــش بــە حوکمــی داگیرکــردن و پارچەکردنــەوە نەتەوەیەکــی ژێردەســتەیە. لــە وەهــا حاڵەتێکیشــدا، هەمیشــە نەتــەوەی ژێردەســت لــە ژێــر هەڕەشــەکانی لەناوچــوون و ســڕینەوە و توانــەوە لــە نــاو نەتەوەکانــی دیکــەدا دەبێــت. لــە دیمەنێکــدا ڕۆماننــووس ئامــاژە بــەو زوڵــم و زۆرداریــەی نەتــەوەی عــەرەب دەکات لــە بەرانبــەر نەتــەوەی کــورد، کاتێــک لــە نــاو ڕەوتــی ڕووداوەکانــدا ئامــاژە بــەو هێرشــەی "حــەرەس قەومــی" دەکرێــت کــە لــە دژی کــورد لــە ســاڵانی شێســتەکانەوە دژی نەتــەوەی کــورد ئەنجــام درا و بــووە هــۆکاری ئــەوەی کــە گونــدە کوردییــەکان وێــران بکرێــن و مــاڵ و حاڵیشــیان بەتــاڵان ببرێــت. ئەوەتــا هــەر لــە ســەر زاری "حاجــی محێدیــن"ی باوکــی "مســتەفا"وە ئامــاژە بــەو کارەســاتە دەکرێــت. "ســاڵی 'حــەرەس قەومییەکــە' هــەر لــەم گونــدە حازرییــەی خۆمــان، دەرلنگــی دەرپێــی ژنانیــان دەبەســت و تووتنیــان تــێ دەکــرد و دەیانــدا بــە کۆڵــدا. هیــی وایــان هەبــوو ئەوەنــدە مریشــک و قــەل و قــاز و مراویــی هەڵگرتبــوو، لــە نێــو ئــەو تەیــر و تیــۆرەدا نەدەبینــرا. مەڕوماڵاتیــان دەدایــە بــەر... کورتانیشــیان دەدڕی... کورتــان!" (تۆڵــە: ١٢). ئــەم هێرشــە ئەوەنــدە سروشــتێکی نەتەوەیــی

هەبــووە، تەنانــەت ئــەو هێــزەی کــە هێرشــەکەی ئەنجــام دا؛ بــە نــاوی "قەومــی" واتــە نەتەوەیــی بــووە، کــە ئەمــەش گوزارشــتە لــە نەتــەوەی عــەرەب. ئــەم ڕووداوەش ترۆپکــی ئــەو ململانــێ نەتەواتییەیــە کــە ڕۆماننــووس باســی لێــوە کــردووە و تێیــدا نەتــەوەی عــەرەب هەژمــوون و باڵادەســتبوونی خــۆی قۆســتووەتەوە بــۆ لەناوبــردن و ڕیشەکێشــکردنی نەتــەوەی کــورد، لــە بەرانبەریشــدا نەتــەوەی کــورد هەمــوو ڕێگایــەک دەگرێتــە بــەر بــۆ بەرگریکــردن لــە بــوون و مانــەوەی خۆیــدا.

لــە ڕۆمانــی "کوێخــا ســێوێ"ی "عەزیــزی مــەلای ڕەش"دا، ململانێــی نەتەوایەتــی زیاتــر لــە ژێــر پــەردەی ڕەمــزدا دەرکەوتــووە، بــە تایبەتییــش ئــەو ململانێیــە لــە نێــوان نەتــەوەی کــورد و عەرەبــدا بــووە. ئــەو ناوچەیــەش کــە قــەراج و کەندێناوەیــە، لــە پێشــینەی ئــەو ناوچانــەن کــە کەوتوونەتــە بــەر شــاڵاوی تەعریــب و ڕاگواســتن و عەرەبــەکان بــە زۆری زۆرداری دەســتیان بەســەر خــاک و ئــاوی کوردانــدا گرتــووە. لەبــەر ئــەوە دەکرێــت لــە شــیکردنەوەی کــۆد و هێماکانــی نــاو دەقەکــە، ڕووکارەکانــی ئــەو ململانــێ نەتەوەییــە بــەدی بکەیــن. بــە تایبەتییــش ڕووداوی ســەرەکیی ڕۆمانەکــە؛ گێڕانــەوەی ئــەو دوژمنداریيــە بــووە کــە لــە نێــوان عەشــیرەتێک و تاقــە ماڵێــک لــە ســەر خــاک هەڵگیرســاوە. "شــێخ گومــەر کــە ســەرۆکی عەشــیرەتی 'کۆچــەری' بــوو، خــۆی و قەوموقیلەکــەی هاتــن دێــی 'گەرحە'یــان کــە ئاقــاری لــە ســەر ئاقــاری ئۆمــەر دەگەڕێتــەوە؛ ئــاوەدان کــردەوە" (کوێخــا ســێوێ: ٧). ئەگــەر لــەو هێمایانــەی نــاو ئــەو دەقــە ورد بینــەوە، هەســت بــەوە دەکەیــن کــە ئەوانــە زیاتــر ڕەمــزن بــۆ هاتنــی عــەرەب و داگیرکردنــی خاکــی کوردســتان، چونکــە عەشــیرەتی کــوردی بــە ســەرۆک عەشــیرەتەکەیان دەڵێــن "ئاغــا"، بــەڵام عەرەبــەکان وشــەی "شــێخ" بــۆ سەرۆکعەشــیرەت بــەکار دەهێنــن. دواتــر نــاوی شــێخەکەش عەرەبییــە (گومــەر). هەروەهــا عەشــیرەتەکەش نــاوی "کۆچەر"ییــە، کــە کورداندنــی نــاوی "بــەدو"ی عەرەبییــە، ئەوانــە ئــەو عەرەبانــەن کــە لــە هیــچ شــتێک دەســت ناپارێــزن، بۆیــە لــە باســکردنی ڕەوشــت و کار و کردەوەکانــی ئــەو عەشــیرەتەش؛ زیاتــر هێماکانــی بەعەرەببوونیــان بەدیــار دەکەوێــت و لــە عەشــیرەتی کــوردی جیــاواز دەکەونــەوە، ئەمــەش ململانێیەکــی تونــدی نەتەوەیــی پیشــان دەدات کــە لــە نێــوان کــورد و عەرەبــدا بــووە، چونکــە "ڕۆماننــووس ڕووداوەکانــی بــە شــێوەیەکی ڕاســتەقینە خســتووەتە ڕوو کــە ئەویــش کێشــەی ســەرەکیی نێــوان کــورد و عەرەبــە، یاخــود بڵێیــن کێشــەی زێــد و خــاک و نیشــتمانە کــە هــەردەم داگیرکــەران چاویــان بڕیوەتــە خاکــی کــوردان. واتــە لێــرەدا جگــە لــەوەی کــە 'ســێوێ' پاڵــەوان و شاکەســی ڕۆمانەکەیــە، بــەڵام لــەو دیــوەوە مەســەلەیەکی نەتەوەیــی زەقتــر دیــارە کــە کێشــەی لەمێژینــەی ململانێــی کــورد و عەرەبــە لــە ناوچەکانــی دەشــتی هەولێــر" (مەحمــوود، :٢٠٠٨ ٧٤). ئــەم مەســەلە نەتەوەییــەش لــە ڕێگــەی ڕەمــزەوە گوزارشــتی لێــوە کــراوە، بۆیــە دەکرێــت وەکــوو ڕەمزێــک مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم هێــما و کۆدانــە بکرێــت، چونکــە لــەو ســەردەمەدا سانســۆری ڕژێــم گەلێــک بەهێــز بــوو، تەنانــەت کــەس نەیدەوێــرا ڕاســتەوخۆ بــاس لــەو زوڵــم و زۆرداریيــە بــکات، بۆیــە نووســەر و ڕۆماننووســانی کــورد لــە ڕێگــەی ڕەمــزەوە بەرهەمەکانــی خۆیــان بــڵاو دەکــردەوە، بەمــەش هــەم پەیامەکانــی خۆیــان دەگەیانــد و هەمیــش بەرهەمەکانیــان چــاپ و بــڵاو دەکــردەوە و بەشــدارییان لــە بەرخــۆدان و بەرگریــی نەتەوەیــی دەکــرد.

لــە ڕۆمانــی "شــار"ی "حســێن عــارف"دا ململانێــی نەتەوەیــی لــە دووتوێــی ڕووداوەکانــدا ڕۆڵ و کارایــی هەیــە، بــە تایبەتییــش ئــەو ململانێیــە زیاتــر لــە دژایەتیکــردن و بەرهەڵســتکاریکردنی حکومەتــی پاشــایەتیی ئەوکاتــدا خــۆی دەبینێتــەوە. لــەم چوارچێوەیــەدا ڕۆماننــووس کاتێــک بــاس لــە کۆبوونــەوەی ڕێکخســتنی ئــەو حزبــە لــە ماڵــی "گەلاوێــژ"دا دەکات کــە ســەرنجی "مریــەم" ڕادەکێشــێت و لــەم ڕووەوە پرســیاری لــێ دەکات، لــە وەڵامــدا ئــەو دژایەتــی و بەرهەڵســتکارییەی دەســەڵات دەخرێتــە ڕوو. "دە گــوێ بگــرە بۆتــی بــاس بکــەم! بــەر لــە هەمــوو شــتێک تــۆ دەبــێ ئاگــەداری زمانــی خــۆت بیــت و نابــێ لای هیــچ کەســێک ئــەوەی دەیبینیــت بیدرکێنیــت، چونکــە ئەگــەر بکەوێتــە بــەر گوێــی پۆلیــس، دێــن دەمانگــرن و حەپســمان دەکــەن. دەزانیــت بۆچــی؟ لەبــەر ئــەوەی حکومــەت زوڵمــوزۆر لــە خەڵــک دەکا و ئێمــەش بــەری لــێ دەگریــن. دەمانــەوێ نەیهێڵیــن و حکومەتێکــی وا دروســت بکــرێ کــە زوڵمــوزۆر نــەکا، کــە زۆرداری نەهێڵــێ و بەتەنــگ هەژارانــەوە بــێ. تــۆ

کە دەمانبینیت هەموو جارێک دەچینە ژێر خانەکەوە و دەرگا لە سەر خۆمان دادەخەین، ئەوە دەچین دادەنیشین لەو باسە دەدوێین، بیری لێ دەکەینەوە کە چۆن ئەم حکومەتە بڕووخێنین و چۆن حکومەتێکی باشی لە جێگە دابنێین" (شار: ٥٥). لێرەشدا ئەو هەستە نیشتمانپەروەری و نەتەوەییە بەرچاو دەکەوێت کە بە هۆیەوە پاڵی بەو کارەکتەرانە ناوە خەبات و تێکۆشان بکەن بۆ ئەوەی حکومەتێکی دادپەروەر دابمەزرێنن و زوڵم و زۆرداری کۆتایی پێ بهێنن. بەو واتایەی زوڵم و زۆرداریی دەسەڵات بووەتە هۆکاری ئەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە لای تاکەکانی کۆمەڵگە بەرز بێتەوە و کار بکەن بۆ هێنانەدیی ئەو ئاواتانەی کە بۆی تێدەکۆشن. بەم پێیەش کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە ئینتیمایان بۆ هێڵی چوارچێوەی نیشتمانی هەیە، بەجەماوەرەن و لە ڕووبەرێکی فراواندا چالاکی دەنوێنن و هەستی کۆمەڵی تیایاندا بەرجەستە دەبێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی واقیعی چینایەتی و نیشتمانی. لە دیمەنێکی دیکەدا ڕۆماننووس ڕووداو و بەسەرهاتی "خولە پیزە"ی تێهەڵکێشی ڕووداوە سەرەکییەکە کردووە و بە هۆیەوە ئاماژەی بە هزر و بیرکردنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە لای تاکەکانی کۆمەڵگە داوە. بە تایبەتییش کە ئەو ڕووداوە ئەگەرچی زیاتر یاخیبوونێک بووە لە دەسەڵاتی حکومەتی ئەو کاتە، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کۆدەنگییەکی لە ناو کۆمەڵگە بەدەست هێناوە. ڕۆماننووس ساتی کوژرانی "خولە پیزە" و تاقمەکەی کردووەتە دەروازەی هاتنە ناو بابەتەکەیەوە و لەوێشەوە ڕاوبۆچوونی خەڵکەکەی دەربڕیوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕووداوەکەی خولە پیزە تەنیا وەکوو یاخیبوونێک نەمابووەوە، بەڵکوو بە لای خەڵکەوە پشتگیرییان لێ دەکرا و خۆشەویست بوون، بە هۆی ئەوەی کاروکردەوەکانیان دژی حکومەت بوون. هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆماننووس کۆچی دوایی "شێخ مەحموودی نەمر" دەکاتە هێمایەکی ئەو ململانێیە نەتەوەییە و بە هۆیەوە گوزارشت لە پەرەسەندن و گەشەکردنی هزری نەتەوەیی لای تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو جموجۆڵە نەتەوەییە کە بە هۆی کۆچی دوایی ئەوەوە لە دژی حکومەت دێتە کایەوە. لەو ڕێگەیەشەوە ڕۆماننووس ڕادەی گەشەکردنی هزری نەتەوەیی وێنا کردووە. بە هۆی ئەو کۆچیدواییکردنەی شێخەوە گوزارشت لە هزری نەتەوەیی لای تاکەکانی نەتەوە کراوە و بە هۆیەوە ڕادەی گەشەسەندنی هزری نەتەوەییش لەو سەردەمەدا دەستنیشان کراوە. دواتر ڕۆماننووس ئاماژە بەو خۆپیشاندانە گەورەیە دەدات کە لە پێشوازیی تەرمی شێخ مەحموود ڕووی دا، لە بەرانبەریشدا حکومەت بە توندوتیژی و دەستڕێژی گوللەوە بەرپەرچی ئەو خۆپیشاندانەی دایەوە، ئەمەش لە زاری "ئەوڕەحمان"ەوە باسی لێوە دەکرێت. "تەرمەکەی کەوتەوە بەرچاو کە بە سەر دەستی جەماوەرەکە وەک ئاڵایەک دەشەکایەوە و جەماوەری ژێر ئاڵاکەش ڕووەو سەرای مەڵبەندی دوژمن تەکانیان دەدا... تەکانی دا و کەوتە دڕدان بە خەڵکەکە. ماوەیەکی باش چووە پێشەوە، لەوەدا بوو پێ بنێتە ناو بەر دەرکی سەراوە و زرمەی سێ چوار گوللەی کەوتە بەر گوێ. ڕاوەستا و هەڵیڕوانی. نەگەیشت باش ببینێ و لێژمەی گوللەبارانی بیست. بەدەمیەوە لافاوی عەشاماتەکە بەرەو دەرەوەی مەیدانەکە شەپۆلی دا، دەمودەست شەپۆل گەیشتە سەری و ڕایماڵی... هێشتا خەڵکەکە بە لێشاو، لە ترسی گوللەبارانەکە، بە ناو کۆڵانەکەدا بەرەوژوور هەڵدەکشان" (شار: ٢١٧). لێرەدا لە ڕێگای دەرخستنی توندوتیژیی دەسەڵاتەوە و بێباکیی بەرانبەر خەڵکییەوە، ڕۆماننووس ویستوویەتی ڕادەی زوڵم و زۆردارییەکانی بەدیار بخات و کاریگەرییەکانی ئەو زوڵم و زۆردارییە بە سەر کۆمەڵانی خەڵکەوە بەدیار بخات، بۆیە لەم ڕێگەیەوە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتە دەخاتە کار کە هەمیشە بڕاوی بە توندوتیژی و زیندانیکردن و ئەشکەنجە و ئازار هەبووە. دیارە ئەو دەسەڵاتە حوکمڕانیی پاشایەتی بووە و لە گەلێک شوێندا ڕۆماننووس ناوی هێناوە و لەکۆتاییشدا بە هۆی کودەتا و شۆڕشی (١٤)ی تەمموزە کۆتایی دێت و لەناو دەچێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئەنجامانە بەدەست هاتوون:

١ـ لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردییەوە هێزی نەتەوەیی زاڵ بووە بەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکاندا، بە تایبەتییش لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ململانێ نەتەوایەتییەکان زاڵتر دەبن و ڕووبەری ڕۆمانەکان دەگرن و ناوەرۆکی ڕووداوەکان پێک دەهێنن، ئەمەش پەیوەستە بە پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژکردنی نەتەوەی کورد و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شار و دێهاتەکانەوە.

٢ـ ململانێ نەتەوایەتییەکان دوو جۆری بەخۆیەوە بینیوە، جۆری دەرەوە کە زیاتر ململانێ بووە لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب کە داگیرکەری کوردستانن، لەوانەش ڕۆمانی (پێشمەرگە، تۆڵە، ئاشتیی کوردستان، هەرەس... تاد)، جۆری دووەمیشیان ناوخۆییە و ململانێی نەتەوەیی بووە لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەکانی دیکە کە لەگەڵ نەتەوەی کورد لە سەر یەک خاک دەژین، لەوانەش تورکمان، کە ئەمەش لە ڕۆمانی "هەرەس"دا خراوەتە ڕوو.

٣ـ لە دووتوێی ئەو ململانێ نەتەوەییەدا هەمیشە نەتەوەکانی دیکە دەستپێشخەر بوون، بە حوکمی ئەوەی کوردستانیان پارچە کردووە و داگیریان کردووە، لە بەرانبەریشدا نەتەوەی کورد لە حاڵەتی بەرگریکردندا بووە لە مانەوەی وەکوو نەتەوە و پارێزگاریکردن لە قەوارەکەی و هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی خاکەکەی.

٤ـ ڕۆماننووسان وەکوو تاکێکی ناو کۆمەڵگە و نەتەوەکەیان، لە ڕێگای ئەو دەقانەی کە نووسیویانە بەشدارییەکی کارایان لەو ململانێیە نەتەوەییە کردووە و وەکوو چەکێکی کاریگەر بۆ مانەوە و پارێزگاریکردن لە خاک و نەتەوە بەکاریان هێناوە.

٥ـ ئەو ڕۆمانانەی کە دەچنە خانەی ململانێی نەتەوەییەوە، جیا لەوەی کە ڕۆمانی سیاسین، دەکرێ وەکوو ڕۆمانی بەرگریی کوردیش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

## سەرچاوە:

**یەکەم:** قورئانی پیرۆز

**دووەم:** بە زمانی کوردی

**ئـ. کتێب:**


١. ئەحمەد، ئیبراهیم (٢٠١٠)، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر.

٢. حەمە ئەمین، عەبدولقادر(٢٠٠٣)، تێڕامانێک لە سەر ڕۆمانی سەگوەڕ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٢)، کانوونی یەکەم.

٣. خاڵ، شێخ محەمەدی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤. ڕەسووڵ، تەها ئەحمەد (٢٠٠٩)، فەنتازیای داخراو، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٥. سەعید، محەمەد ساڵح (٢٠٠٤)، ئاشتیی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

٦. عەبدوڵا، عەبدولموتەڵیب (٢٠٠٤)، شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەگوەڕ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، هەولێر.

٧. عارف، حسێن (٢٠١١)، شار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

٨. عەزیز، د. حەمید (٢٠١١)، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٩. عەلی، ئەبوبەکر (٢٠٠٩)، پرسی بیناکردنەوەی ناسیونالیزم و نەتەوە لە کوردستاندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم.

١٠. قازی، د. ڕەحیمی (٢٠٠٨)، پێشمەرگە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.

١١. کاکەویس، جەلیل (٢٠١١)، کتێب - خوێندنەوەی بیست تێکستی هەمەجۆر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووک، کەرکووک.

١٢. گولی، مەسعوود خالید (٢٠٠٢)، فەرهانگا گولی، دەزگای سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دهۆک.

١٣. مەلای ڕەش، عەزیز (١٩٨٦)، کوێخا سێوێ، الامانە العامە للثقافە و الشباب، هەولێر.

١٤. محەمەد، سمکۆ (٢٠٠٩)، ناسیۆنالیزم و دژەکانی، دەزگای شەفەقی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٥. موکری، محەمەد (٢٠١٥)، تۆڵە، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی

ئەندێشـە، چاپـی پێنجـەم، سـلێمانی.
١٦. موکـری (٢٠٠٨)، سـەگوەڕ، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، چاپـی شەشـەم، هەولێـر.
١٧. موکـری (١٩٩٨)، هــەرەس، چاپخانــەی بێســارانی، چاپــی ســێیەم، ســلێمانی.
١٨. نەبەز، جەمال (؟)، بیری نەتەوەیی کورد، چاپخانە (؟)
١٩. هـەژار (١٣٨٤)، هەنبانەبۆرینـە، فەرهەنگـی کوردی-فارسـی، چاپـی چـوارەم، چاپخانـەی "انتشـارات سروش"، تـاران.
٢٠. وەلەدبەگــی، ئــازاد )٢٠٠٥)، فەرهەنگــی ڕامیاریــی نیــگا، چاپــی یەکــەم، هەولێــر.

**ب. نامەی ئەکادیمی:**

٢١. ئێروانـی، موسـلح عەبدولقـادر (٢٠٠٣)، ئاییـن و ناسـیۆنالیزم، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـەڵاحەدین، کۆلێـژی ئـاداب.
٢٢. ڕەســووڵ، جەعفــەر عەلــی (٢٠٠٩)، ناســیۆنالیزم و ناســیۆنالیزمی کـوردی، ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی، کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان.
٢٣. سـەعید، ئیسـماعیل عەبدولڕەحـمان (٢٠٠٩)، ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـەڵاحەدین، کۆلێـژی ئەدەبیـات، هەولێـر.
٢٤. عەبـدوڵا، فەهمـی شـوکری (٢٠٠٩)، نەتـەوە و دەوڵـەت و ئاینـی لـە هـزری ئەحمـەدی خانیـدا (١٦٥٠-١٧٠٧)، نامـەی دکتـۆرا، زانکـۆی سـەڵاحەدین، کۆلێـژی ئـاداب، هەولێـر.
٢٥. مەحمــوود، ئیبراهیــم عەبدولڕەحــمان (٢٠٠٨)، کێشــەی لادێ لــە ڕۆمانەکانـی عەزیـزی مـەلا ڕەشـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی پـەروەردە/ ئیـبن ڕوشـد، زانکـۆی بەغـدا.

**سێیەم. بە زمانی عەرەبی:**

**ئـ. کتێب:**

٢٦. الفراهيـدي، الخليـل (١٤٠٩هــ)، معجـم العيـن، كليـه دار العلـوم، جامعـة القاهـرة.
٢٧. العشـماوي، د. محمـد زكي (٢٠٠٩)، الأدب و قيـم الحيـاة المعـاصرة، مؤسسـة الجائـزة عبدالعزيـز البابطيـن للآبـداع الشـعري، الكويـت.
٢٨. عبدالغنــي، د. مصطفــى (١٩٩٤)، الاتجــاه القومــي في الروايــة، المجلـس الوطنـي للثقافـة والفنـون و الآداب، كويـت.
٢٩. محمد، مجدالدين المحيط (٢٠٠٩)، دار المعرفة، بيروت، لبنان.

**ب. ڕۆژنامە و گۆڤار:**

٣٠. ابــو النجــا، شــيرين (٢٠١٥)، زمــن الحــروب الجديــدة.. الروايــة العربيــة في مواجهــة كابــوس الحــرب، المجـلي ثقافـة، العـدد (٥٩) اب/ اعســطس.
٣١. ضيــف، د. ازهــر (٢٠١٦)، نقــد الــصراع و اســقاطها علــى واقــع العربي،مجلـة الدراسـات و البحـوث الآجتماعيـة، جامعـة الشـيهد حمـة لخـض - الـوادي، العـدد (٢٠)، ديسـمبر.

**ج. نامەی ئەکادیمی:**

٣٢. قـاره، ايـمان (٢٠١٨)، الـصراع الايديولوجـي في الروايـة (في الظـلام) لنجيـب الكيـلاني، رسـالة ماجسـتر، جامعـة محمـد بوضيـاف، المسـيلة، كليـه الآداب و اللغـات.

**سێیەم. ئینتەرنێت:**

٣٣. ربابعــة، ابراهيــم علــى (٢٠١٧)، الــصراع و النــزاع: www.alukah.net

**ملخص**

الـصراع القومـي يشـمل الـصراع بـين عـدة قوميـات مختلفـة، بيـث نجـد مـن أجـل الحفـاظ عـلى كيانـه و نضالـه في سـبيل البقـاءه و اسـتقلاله. ولهـذا للـصراع تـأريخ طويـل الـذي يشـمل عـلي حيـاغ الآنسـان. مفهـوم الـصراع معقـد و كثـيرة الجوانـب و قسـم مـن تلـك الجوانـب لهـا صلـة بالعلاقـات الأخـري و ينجـم عنهـا صراع بـين الآشـخاص، مـا اذا كان الـصراع فرديـاً،أو عـلي شـكل مجموعـات. وأخـيرا يظهـر الـصراع بأطـار عـام ، وخاصـة عندمـا يكـون مصـير القوميـة في خطـر، و هنـا يأخـذ الـصراع متجهـاً قوميـاً في سـبيل البقـاء والدفـاع عـن مكانتـه.

الادِب و مـن ضمنـه الروايـة كانـت طريقـاً لـكي يجسـد الـصراع القومـي، والروائيـون وقفـوا جنبـاً الي جنـب نضالهـم و كفاحهـم مـن قوميتهـم والدفـاع عـن بقـاءه . عالـج الـصراع القومـي في الروايـة بشـك مناسـب و أجـود, لأن النـص الـروائي عـدا كونـه نثريـاً، حيـث في نفـس الوقـت لـة مسـاحة واسـعة عـن طريـق ايجـاد ابعـاد مختلفـة في الأحـداث و في مجـالات الـصراع القومـي، ومـن هـذه النظـرة فـأن روايـات مـا قبـل الأنتفاضـة تعتـبر أساسـاً للتعبـير عـن الـصراع القومـي للكـورد.

الكلمات الدالة: الصراع، القومية، الصراع القومي، الرواية، الرواية الكردية

## Abstract

The national struggle includes the struggle between several different nationalities, where we find in order to preserve his entity and his struggle for survival and independence. This is why the conflict has a long history, which includes the need for human beings. The concept of conflict is complex and many aspects, and some of these aspects are related to other relationships and result in conflict between people, whether the conflict is individual, or in the form of groups. Finally, the conflict appears in a general framework, especially when the fate of nationalism is in danger, and here the conflict takes a nationalistic direction in order to survive and defend its position.

Literature, including the novel, was a way to embody the national struggle, and the novelists stood side by side with their struggle and struggle against their nationalism and defending its survival. Treat the national conflict in the novel in an appropriate and better way, because the novelistic text, except for being prose, at the same time has a wide area by finding different dimensions in the events and in the areas of national conflict, and from this view, the novels before the uprising are considered a basis for expressing the conflict Kurdish National.

Keywords: conflict, nationalism, national conflict, novel, Kurdish novel